دەزگای میدیایی کەرکوك دەریدەکات
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية

مجلة گۆڤاری TV

22
شوباتی
2023

جەمیل بەشیر ..

ئەو موزیکژەنە سریانیەی سەدان گۆرانی بۆ هونەرمەندانی کورد تۆمارکردو دەیان ئاوازی کوردی ئەرشیف کرد

صدى كبير لمونودراما (احترق كالعنقاء) في مهرجان الفجيرة الدولي

مجلة گۆڤاری TV

گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە دەزگای میدیایی کەرکوک بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات

ژمارەی سپاردن لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق ١٩١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩

سەرپەرشتیاری گشتی - المشرف العام
عیماد ناسیح

سەرنووسەر - رئیس التحرير
رەوان تالیب

دیزاین - تصمیم
دڵشاد زەنگنە

تحرير القسم العربي
رزگار شوانی

بۆ ریکلامکردن - للاعلانات

KRT

07707273939
07503203929

لەم ژمارەیەدا

رۆژێك دەگەڕێمەوەو خۆم دەناسێنم

یوسف اسماعیل ..... ل ٨

دە هەناسە شیعر

هێدی گەڵاڵی ..... ل ٢٦

رعيل من الشعراء التركمان في العراق

محمد خضر محمود..... ص ٣٤

أدب الرحلات في النثر الكردي

جليل محمد شريف ..... ص ٤٠

مجلة شهرية عامة
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية باللغتين الكوردية والعربية

رقم الاعتماد في نقابة الصحفيين العراقيين ١٩١٩ في ٢٠٢١/٤/١٩

تیۆری بنیاتی شاراوە

لەنێوان زمانی بەرجەستەیی دەق و خوێندنەوەدا

ڕانانی: خالد کاوێس قادر

(٢ - ٢)

چیرۆك و هەموو دەقێك بنیاتێكی گەورەیە كە سەرجەمی ڕستەكان و سەرجەمی دەلالەتەكان دەگرێتە خۆی، بەمەش دەوری زمان لەنێوان نووسەرو دەقدا دەوری گەیاندنی واتاكان نیە بەقەد ئەوەی بەخشینی بنیاتێكە بەواتاكان، هەموو دەقێك لەلای هەموو نووسەرێكدا بنیاتێكی سەربەخۆ دەنوێنێ تەنانەت لەوكاتەی نووسەر پێگری هیچ مەدلولێكی جەوهەری بەبنیاتكردنی دەقیش نابێت، دەق لەپشتەوەی خۆی بەسەرهاتی بەبنیاتبوونی زمان و زەینی نووسەرمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەمەمان بۆ ئاشكرا دەكات كە چۆن بەبێ دروستبوونی بنیات دەوری هەموو واتایەك دەمرێت و دەوری هەموو دەسەلاتێكی زمانیش دەمرێت.

تەنیا بوونی نووسەر تۆندوتیژترین ساتەكانی تەنیا بوونی بوونایەتی بەرهەمهێنەرە، كەزۆرجار كێشەكانی ئەو لەكۆمەڵگەدا وابەستەی هیچ دیسپلین و جێگرەوەیەكی باو نابێت، چونكە ئەو هەستەكات كەئەو پێچەوانەی ئاڕاستەو بیركردنەوەی ئەوانی دی لەزمان و داب و دەستووردا دەڕی و نازانێ ببێتە بەشێك لەو زمان و داوو دەستورانە، لەگەڵ ئەمانەشدا لاكردنەوەی نووسەر لەو تۆرم و بەها كۆمەلایەتیانە، بەشێكن لەپەیوەندییەكانی ئەو بەكۆمەڵگەكەیەوە.

نووسەر تەنیا مرۆڤێكە دەیەوێ لەنێو تۆندوتیژییەكاندا بەهێزی بیرو خەیاڵی خۆی، خۆشەویستی بەرهەم بێنێ، لێبوردەیی و تێگەیشتن بینێتە كایەوە، ئەو دەیەوێ لەڕێگەی زمانێكەوە كەلەلایەكەوە زمانێكی نا تۆندوتیژە و لەلایەكی ترەوە زمانێكی سەركێشكەرە، ئەو بەهاو تۆرمە كۆمەلایەتیانە لەباری تۆندوتیژییان ئازاد بكاو تاك بخاتە كەشە جوانەكانی گەشبوونەوەی بیركردنەوە، هەربۆیە ئەو تەنیایە لەو بەها نوێیانە، ئەو تەنیایە لەوەی ناتوانێ وەكو ئەوان بیربكاتەوەو بنووسێ و ئاخاوتن بكات، هەر ئەمەشە وایكردووە ئەو نووسەرانەی زۆر لەم ئاراستەیە دەچنە پێش، بەرەو ڕووی ستەمی پەراوێزكردن و هەوڵی تیرۆركردن و لەناو بردن دەبنەوە.

چەندێك نووسەر دەسەلاتی بەسەر ماناو وشەدا زۆرترە، ئەوەندە ئەو چێژانە زۆرتر دەبن و نووسەر لەگەڵ هەموو دەرەوەی خۆیدا دەپچڕێنن، چەندێكیش دەسەلاتی بەسەر زمان و ماناداە نەشكێ، ئەوەندەش بەرەو ڕووی ئازاردانی عەقڵی و تەنانەت جەستەیش دەبێتەوە، دەبینین لەشكستی بێتوانایی بەرامبەر بەماناو زمان خەمۆكیبوون و نامۆ بوونێكی ناخەكی دەیگرێتەوە، دەبینین كاتێك وشەو مانا لەدەستی هەڵدێن، چەندین ڕۆژو چەندین سات لەگەڵ شكستی دەروونیدا دەڕی و چەندێكیش نووسەر ئازارەكانی گەورە دەبن كاتێك دەگاتە ئەو ساتەی كە ئەو بەدەستی نووسینەوەی ناخی خۆی گیرۆدەو پەڕاگەندەیەو ئازارەكانیش چەندێك گەورەو گەورەتر دەبن.

پرۆسەی نووسین دەركردنی زمانە لەباری فەوزای داڕشتن و لەباری ڕوانین و سەرنجدانی ڕووكەشی، كەواتە چۆن باوەڕ بەوە بێنین كە كارێكی ئەدەبی ئەفرێندراوە لە كاتێكدا ئەوكارە ئامادەبوونێكی پێش وەختەی هەیە لەزمینی نووسەردا وەك كەرەستەیەكی خاو لەشێوەی بابەتداو شێوازیش هەندێكجار نەخشەی سەرەتایی دەربڕین لێكردنی لەمێشكی نووسەردا هەیە، بۆ نموونە لەزۆر لە بابەتە لەبن نەهاتووەكانی ئەدەبی نەتەوەییەكدا گەر بێتو هەڵبستن بەپۆلێنكردنی بابەتەكان و گەڕانەومیان بۆ چەند بناغە و بەشێك دەبینین، بەسەدەها بابەتۆكەی بچووك بوومتە خاڵی هاوبەش لەدەربڕین لێكردندا، هەروەكو چۆن دەتوانین هەر لەم كاتەشدا چەندەها شێواز و قاڵبی زمانەوانی لێكچوو لەو ئەدەبەدا بدۆزینەوە، هەروەك چۆنیش دەتوانین چیرۆكێك، ڕۆمانێك بەڕستەیەك یا پەرەگرافێك كورت كەینەوە.

كەواتە كاری ئەدەبی لەگەورەترین ماناداە كارلێكی داهێنەرانەی سادەیە، بەڵكو مەسەلەكە لێرەدا پێوەندی بەمەنهەجكردن و بەڕێكخستن و لەقاڵبدانی زمانەومیە كە هەمیشە باریكی نمونەیی لەزماندا دینێتە كایەوە، ئەمەش ئەو حەسانەوە زەمەنیەیە كە ڕێكخستن و لەقاڵبدان و بەنمونەكردنی زمان پێویستی پێیەتی لەدەربڕین لێكردندا، ڕۆڵان بارت هەروەكو مرۆڤێكی ئاسایی و نووسەرێكی نائاسایی دوو دەسەلاتی جودایی بەهێزو لاوازی خۆی ڕادەگەیەنێ، كە لەقسەكردنی مەودای زەمەنی قوڵبوونەوە لەزماندا كورت دەبێتەوە و لەنووسینیشدا ئەو مەودایە درێژ دەبێتەوەو ڕێگە بەجووڵەی زەمەن دەدات، بگاتە

بەرزترین ئاستی ڕێکخستنەوە.
کەوتنی بەهاکانی زمانی نوسین لەدوای جەنگ و هەندێك لەکارساتەکانی وەك بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کەوتنی شۆڕشی نیشتیمانی ئیسپانیاو ئەو کوشتارو ڕوخانە گەورەیەی جەنگ هێنایە کایەوە، کە ئەنجامەکەی جەنگی ساردو دابەشبوونی جیهانی هێنایە کایەوە لەدوو توێی سیستەمی جودادا، لەسەرجەمیشدا مرۆڤ لەدوای جەنگ بەهەنگاوی خێراو زەبەلاح لەمەیدانە جوداکانی زانست، فەلسەفەو لێکۆڵینەوەی مێژووی، بنیاتی زمانێکی شارستانی نوێی نایەوە، بەڵام نەیتوانی باوەڕەکانی بەمرۆڤ بپارێزێ.

ئەم خاسیەتەش بووە بناغەیەکی گرنگ لەوچۆنیەتی بیرکردنەوەی کەسایەتی ئەوروپی، دەبوایە لەگڕانی ئاوادا، لەئەدەبیشدا زمانی نوێو جودا بێتە کایەوە و جێگە بەزمان و بەهای زمانی پێش جەنگ لەق بکات.

گەر بێتو ڕووداو خوێناوییەکانی ئەوروپا لەبنەمایەکی ئایدۆلۆژی و لە سیستەمێکی سیاسی و ئابووری و فەلسەفییەوە سەریان هەڵدابێت، ئەوا ڕووداو جەنگە ناوخۆییەکانی ئێمە هەموو کاتێك لەدوو توێی تاقە مەدلوولێکی نەتەوەییەوە سەریان هەڵداوە، لەمەدلوولێکی مانەوە لەپەیوەستێکی نەتەوەیی و بەرگریکردندا.

هەروەها نوشووستی خەباتی سیاسی کورد لەزۆربەی بەشەکانی تری کوردستاندا، ڕێگەی ئەوەیان نەداوە هیچ جۆرە بنەمایەکی فیکری ، فەلسەفی، مێژوویی نوێ لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا دروووست بێت، هەروەك نوشوستی کۆماری نەوجەوانی مەهابادو سەرکوتکردنی هەوڵەکانی کوردی تورکیا، هەر لەدوای توانەوەی شۆڕشی کورد لە دوو توێی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە.

نسکۆی شۆڕشی حەفتاکان و کارەساتەکانی جەنگ، ئەنفال، هەڵەبجەو شەڕی ناوخۆ، ئەو زنجیرە ڕووداوانەن کەدەشێ کوردی وەك نەتەوەیەك بخستایەتە ئەزموونی فیکری، فەلسەفی زەینی نوێوە، کەچی دووبارە بوونەوەی کارەساتەکان کوردیان تەنیا لەمەدلوولی مانەوەو بەڕێکردندا هێشتەوە.

ئەدەب نواندنی باری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی قۆناغەکانی نییە، بەڵکو جیهانبینییەکی قووڵە لە چۆنییەتی گەیشتنمان لەشتەکانی دەوروبەرمان، تێڕامانێکە لەزمانێکی زیندووی شارستانی.

لاوازی نووسین لەلاوازی زمان و بوونی زەینی نووسەردا نیە، لاوازی لەسروشتی پەیوەندییەکاندایە کەوا لە نووسەر دەکەن گومانی هەقیقەتەکان لەخۆی دوورخاتەوە، نووسین هەڵاتنە لەوێنە هەزار سەرەکانی بوونێك کە تاڕادەی نەبوون، مرۆڤ بەرەو بێهودەیی دەبەن، ئەگەرچی هەموو ئەم بوون و ئەم پەیوەستانەی مرۆڤ هەمیشە لەسەر ڕێچکەی تەبایی و ڕێکخستن و دۆزینەوەدا پەرەدەسێنن.

هەروەها سەبارەت بە بنیاتی گێڕانەوە لە گەڕانەوە بۆ سەرەتایەتی گوتن و بەفانتازیاکردنی واقیع لەچیرۆکدا، نووسەر دەڵێت: چیرۆکی هونەریی نوێ دەبوایە هەموو دەسەڵاتەکانی هەموو بەهرەکانی هەقایەتخوان بەدروستکردنی گرێی بەچێژو ڕووداوی پڕ لەپەند بگۆڕێتەوە، لەوکاتەی تەنیا زمان و وشە ئەو دەورە سەرەکییانە دەگرنە ئەستۆیان، دەبوایە وەرگێڕانی چیرۆکەکانیش دەوری بڵاوبوونەوەی بگێڕێ، ئەو دەورەی لەهەقایەتدا بەهۆی بازرگانی و گەشتکردن و جەنگەوە، هەقایەتخوان دەیبینێ لە پێناوی بەزاندنی سنوورەکانی نێو دەوڵەتان، ئەم گواستنەوەیەش لەدەستدانی ئەو دەورانەیە کەلەنووسیندا بزر دەبن.

ئەگەر بەهەر چیرۆکێکدا بچینەوە، چۆنییەتی گێڕانەوە، دەسەڵاتی بەهاکانی شێوازی دەربڕین دیاری دەکات، بەو ڕادەیەی بکەوینە ئەو وەهمەوە کە ئەوە ناوەڕۆکی دەق نیە هەموو ڕەگەزەکانی تری چیرۆك بەرەو خۆی ڕادەکێشێ و دەورەکانیان دیاری دەکات، بەڵکو ئەوە چۆنییەتی گوتنە لە نووسیندا، واتە شێوازی دەربڕینە، کە ژیانێکی نوێ و بوونێکی نوێ بەبابەتەکان دەبەخشێ.

یەکگرتنەوەی جەوهەر لەنێوان هەقایەت و چیرۆك لەگێڕانەوەدا، یەکگرتنەوەی هەموو ئەو شێوازەی بەکارخستنی گێڕانەوەیە بۆ بەرجەستەکردنی جیهانی بنیاتەکانی واتا ئەو جیهانەی زۆرجار ڕووی ڕاستەقینەی نووسەرو ڕووی گومڕایی نووسەریش دەردەکاتە دەرەوەی دەق و دەقێکی ترمان بۆ دەخوڵقێنێ لەهەمان دەقدا.

هەموو دەقێك لەجیهاندا، بنیاتی دەقێکی تر هەڵدەگرێت، هەربۆیە هەموو گێڕانەوەیەکی ئاسایی زمان، گێڕانەوەیەکی تری بنیاتێکی تری زمانە، کەزمانێکی مات و بێدەنگ و نائۆرگانییە، بۆ ئەوەش هەموو وێنەیەکی وەسفی و هەموو کردارێکی بەسەرچووی کاتی چیرۆك بەم یەکانەی گێڕانەوەدا گوزەر دەکەن.

نووسەر بەبێ گەیشتن و خوێندنەوەیەکی جودا، لەخوێندنەوەی گشتی، بەبێ بەمیکانیزمکردن و ستراتیژکردنی دالەکان، قەت ناتوانێ بەچاوێکی گشتگیرەوە دەق بخوڵقێنێ، نووسەر مەرج نییە بوونی خۆی لەدەقدا لەشێوەی ناسینەوەیەکی گشتیدا دروست بکات، گرنگ پاراستی ئەو سەربەخۆیی و ڕەهاییە زەینی دەروونییەیە کە کیانێك و بنیاتێك لەفەوزاکانی واتا دەخوڵقێنێ.

لەهەموو دەقێکدا داوێکی باریك و سیحری باڵ بەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی زمان و مانادا دەگرێ لەژێرەوەی ڕستەو مانا‌کاندا هەست دەکەی ئەو داوە باریکە بزوێنەری چالاکانەی هەموو ڕستەو دەستەواژەو پەیوەستەکانی نێوانیانە، ئەو داوە باریکەیە کەوا دەکات هەموو وێنەکانی نووسەرێکی دیاریکراو هەموو ماناکانی، هەموو تەکنیك و گەمەکانی، بکەونە ژێر کاریگەری ئەو داوە باریکەوەو هەروەك چۆن کاریگەرییەکە وادەکات هەموو پاساوو هۆیەکانی و بێهودەییەکانی نووسین و پێشنیارو بەرچاو خستنەکانی پێوەندییەکی شاراوەی یەکگرتوو لەگەڵ یەکدا دروست بکەن و بەسەر هەموو وەستان و لێکترازانەکاندا نووسەر بەئاسانی تێپەڕێ و وەك ئەوەی بڵێی زمان جڵەوگیر بووە و هەر ئەو کاریگەرییە سیما فراوانەکەیە وادەکات لەبنیاتێکی ڕووکەشی ماناکانی دەقەوە، لەبنیاتێکی ڕووکەشی پێشهاتە زمانەوانییەکانەوە بەرەو پێکهات و بنیاتی تر نووسەر هێزی وتن و بەیەکەوە پەیوەستکردنی زۆرتر دەبێ .

ئەو دەقانەی لەمانا ڕووکەشەکانیدا هەموو ڕاستییەکان و هەموو بیرو جیهانبینیەکانی بەڕاستەوخۆیی و بێ قوڵبوونەوە خراونەتە ڕوو، ئەوا دەبنە جۆرێکی تر لەنووسین و نابنە دەق، هەرگیز ناکرێ بەئەقڵی کەسانی ترو دەستکەوتی عەقڵی کەسانی تر لەنەتەوە جیاوازەکان خۆت بخوێنیتەوە .

هەر ئەمەشە وایکردوە کەئێمە نەمانتوانیوە کەسایەتی کورد بدۆزینەوە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین بە شێوازی دۆزینەوەی کەسایەتی ڕۆژئاوا، کەسایەتی خۆمان بدۆزینەوە، هێشتا مرۆڤی کورد نەبووەتە ناوەندی بیرکردنەوەکان، چونکە هەست بەخۆ بەکەمزانین دەکەین بەرامبەر بە کلتووریکی زەبەلاح، ئەمەش کەلەبەریکە لەخوێندنەوەمان بۆ خۆمان هەست بە بچووکی دەکەینەوە لەئاست کولتووری گەورەو زەبەلاحی نوێی ڕۆژئاوا، بیری سیاسی لەلای کورد نەبووەتە دیاردەیەکی وردبونەوەی فەلسەفی و داهێنەرانە، بەڵکو سالانێکی زۆرە ئەدەب و سیاسەت لەگۆشەی ئەدەبی بەرگرییەوە تەماشا دەکرێن، هۆی ئەم دیاریکردنە یەك گۆشەییە لەوێوە بووە کە بارودۆخی سیاسی، ئەدەبی بەرگریی وەك پێداویستییەکی گرنگ سەپاندۆتە سەر ئەدەب، دەرئەنجامی ساڵەها لە زوڵم و چەوسانەوە، نووسەری کورد چەمکی سیاسی لەڕێگەی ئەدەبی بەرگرییەوە هێناوەتە نێو ئەدەبەوە، ئەمەش وایکردووە چەمکی سیاسەت ڕەهەندو بەها فەلسەفی و فیکرییەکانی پشتگوێ بخرێن.

زمانێکی شارستانی نوێی نایەوە، بەڵام نەیتوانی باوەڕەکانی بەمرۆڤ بپارێزێ.

لەبەشی سێیەمی کتێبەکەدا سەبارەت بەفیکرو فەلسەفە ، نووسەر دێتە سەر مەسەلەی شۆڕشگێڕی، بەوەی شۆڕشگێر لەپێناوی ئەو باوەڕو ئایدیالە شۆڕشگێڕانەیەی کەکاری بۆدەکا، ئامادەیە جەستەو بوونی خۆی لەپێناویدا بکاتە قوربانی، شۆڕشگێڕ لەباوەڕبوونی قوڵی بەئایدۆلۆژیا لەلایەکەوەو کاملبوونی هەموو پاساوە خودییەکانی بۆ گۆڕینی واقیعێك کە بەپێوەرە شۆڕشگێڕانەکان، واقیعێکی ناهاوسەنگ و ناگرووە، ئەو دێت و بێباك لەمردن و سزادان لەلایەن دەسەڵاتەوە، بێباك لە ژیان و مردن، پێشبڕکێ لەگەڵ برادەرەکانیدا دەکات بۆ ئەنجامدانی کاری گەورە، شۆڕشگێڕ چەندێك ئاستی جۆش سەندن و تاودانی دەروونی زێدەتربێ ئەوندە بەگوڕوتین و هێزێکی شاراوەوە بەرگەی برسێتی و ترس و ئازاری جەستە دەبێتەوە.

عاشقبوون لەلای شۆڕشگێڕ، ژیانێکی بەردەوامە لەو ماناینەی خەون بەداهاتوویەك دێتە کایەوە کە یەکسانی و دادپەروەری باڵ بەسەریدا دەکێشێ، سەیرنییە بەهاکانی سۆفیگەری و شۆڕشگێڕی لەزۆر قۆناغی مێژووییدا تێکەڵ بەیەکبوونە.

بەشی چوارەم تەرخانکراوە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی لەوانە (پێکهاتی ئاستەکانی دەلالەت و تەکنیك لەشیعری (نەمردم من)ی نالی) و (گومان و بوون وەك ڕەگەزێکی تێکدەر لەنێوان جەستەی ئامادەو جەستەی عەدەمیدا لەلای مەحوی) و (بنیات و دەورەکانی کرداری پێت پێتێن لەشیعری حاجی قادری کۆیی) و (بنیاتە زمانەوانییەکانی بەهای دەنگ لەدەقێکی مەولەوی)و.... هتد.

بەشی پێنجەم لەشیعری نوێی کوردی دەکۆڵێتەوە لەسەردەمی گۆرانەوە تا ئێستا.

بەشی شەشەم و کۆتایی تیۆری بنیاتی شاراوە لەسەر چیرۆك و ڕۆمانی کوردی و فۆلکلۆری کوردییە.

سەرچاوە:

تیۆری بنیاتی شاراوە
نووسینی: نەجات حەمید ئەحمەد
بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس – هەولێر ٢٠٠٨

* نووسەری بەتوانا(نجات حمید احمد) لەسالی ١٩٦١لە کرکوك لەدایکبووە، دەرجووی کۆلیژی ئاداب زمانی فەرەنسی بوو، سەرلەئێوارەی٢٠١٩-٨-٦دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی بۆ دواجار مانۆاوایی لەژیان کرد ولەشاری هەولێر بەخاك سپێردرا...

ساڵۆنی شەقامی جمهوری و دەستپێکی کۆڕەکانی

ئامادەکردنی : محەمەد تاهیر

کۆڕێك بۆ نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج

لەدەستپێکی چالاکییەکانیدا، ساڵۆنی شەقامی جمهوری کۆڕێکی بۆ نووسەرو ڕۆژنامەنووس لەتیف فاتیح فەرەج لەژێر ناونیشانی (هەڕشەکانی سەر پێکەوەژیان) ڕێکخست، کە ژمارەیەك لەنووسەران و ڕۆشنبیران ئامادەیبوون، ناوبراو لەکۆڕەکەدا باسێکی تێرو تەسەلی لەسەر پێکەوەژیان و هۆکاری تێکدانی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان خستەڕوو، لەوبارەیەشەوە چەندین نموونەی هێنایەوەو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد مە نووسەر دەبێت لەدارشتن و نووسینی وتارەکانی هەزری ناسیۆنالیستی لەخۆی ڕابماڵێت و بەپێوەری مرۆڤایەتی بڵاوکراوەکانی بناسرێت، ئەگەرچی ئەم کارە ئەستەمیشە بەڵام ئەوە ڕاستی بابەتەکەیەو پێویستە لەشارێکی وەکو کەرکوك کە فرەنەتەوەیە کەرکوکییانە مامەڵە بکرێت و ئەجێندای هیچ لایەن و وڵاتێك جێبەجێنەکرێت، هەروەك لەو ڕووەشەوە چەندین بەڵگەی خستەڕوو کە بەبەرنامە هەوڵ دەدرێت جیاوازی و پەرتەوازەیی لەنێوان نەتەوەکان دروست بکرێت.

کۆڕێك بۆ نووسەر تاریق کاریزی

(کێشەکانی زمانی کوردی) ناونیشانی کۆڕێکی نووسەر تاریق کاریزی بوو، باس و خواسێکی تێرو تەسەل لەسەر (زمانی دایك)، زمانی کوردی کراو ناوبراو چەندین بەڵگەی زانستی و حاشاهەڵنەگری لەسەر پێشکەوتنی زمانی کوردی خستەڕوو، هەروەك نووسەر تیشکی خستەسەر شێوەزارەکان و لەو ڕووەوە دەڵەمەندیی زمانی کوردی لەڕووی وشەی زۆرو دەستەواژەو ماناوە سەلماندو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە زمانی فەلسەفەو ئەدەب و سەرجەم بوارەکانی دیکەیەو، مێژووی زاراوەکانی کوردیشی بەراورد بەزمان و زاراوەی نەتەوەکانی دیکەی دراوسێ بەمێژوویەکی پرشنگدار ناوبرد، بەشێکی دیکەی کۆڕەکەی نووسەر تاریق کاریزی وەستان بوو لەسەر چارەسەرکردنی هەندێ هەڵەی ڕێنووسی کە لەئێستادا دەکرێت لەڕێی کەسانی شارەزاو پسپۆڕەوە هەنگاوی بۆ بنرێت، تا هەڵەکان کەمتر بکرێنەوە، سەبارەت بەسەرنج و تێبینی ئامادەبووانیش نووسەر بەگەشبینییەوە وەڵامی ئامادەبووی کۆڕەکەی دایەوە

کۆڕێك بۆ نووسەر عادل عومەر

ڕووداوە مێژوویەکان لەچیرۆکدا یەکێکی دیکە بوو لەکۆڕەکانی ساڵۆنی شەقامی جمهوری نووسەر بەشێوەیەکی بەرفراوان تیشکی خستە سەر ئەو بابەتەو بۆ ئامادەبووانی ڕوونکردەوە کە بە چ پێوەرو بنەمایەك دەکرێت ڕووداوی مێژووی چیرۆك و بابەتی دیکەی ئەدەبی لێدروست بکرێت و بەجوانترین شێواز بخرێتە بەردەم خوێنەر، لەو چوارچێوەیەشدا بابەتگەلێکی زۆری لەسەر دارشتنەوەو نووسینەوەکان پێشکەشکردو لەبەشێکی دیکەی کۆڕەکەدا نووسەر ئاماژەی بەچەندین سەرچاوەکردو ڕۆڵی ئەدەبیاتی کوردیشی لەهەموو کایەکاندا لەنێو ئەدەبی جیهانی و ناوچەکە بەرز نرخاندو تیشکی خستە سەر پەرۆشی و خەمخۆری هەندێك لەنووسەران و جەختی لەوەکردەوە کە دەکرێت باشترو جوانترو کاریگەرتر ڕووداوە مێژوییەکان بنووسرێن و زیندووبکرێنەوە، چونکە

ئەرکێکی ویژدانی خودی نووسەرە کە بتوانێت خوێنەر بە زانیاری دروست و بەسوود دەوڵەمەند بکات

کۆڕێك بۆ نووسەر زاهیر شکور

هەر لەچوار چێوەی چالاکییەکانی ساڵۆنی شەقامی جمهوری-دا و لەژێرناونیشانی (گرنگیی خوێندنەوە) کۆڕێك بۆ نووسەر (زاهیر شکور) ڕێکخرا، تێیدا ناوبراو سوودو پیرۆزیی کتێبی، بە بەڵگەوە سەلماندو لەو ڕووەوە ئاماژەی بۆئەوەکرد کەدابڕان لەکتێب مرۆڤ بەتەواویی نەزان دەکات و وتەی چەندین نووسەریشی بۆ پاڵپشتی کۆڕەکەی خستەڕوو، کەسەرجەمیان گرنگیی خوێندنەوەو کتێب دەخەنەڕوو، لەبەشێکی دیکەی کۆڕەکەدا نووسەر وێڕای بەرزنرخاندنی خوێندەری جددیی کتێب، ئاماژەی بەخراپی دووركەوتنەوە لەخوێندنەوە کردو، تیشکی خستەسەر مێشك فراوانی هەموو ئەوانەی کەدەخوێننەوەو بەژیرو زیرەك ناوی بردن، تەئکیدی لەوەشکردەوە: بەشێك لەو خوێندەرانە زۆرجار بەهۆی زۆریی خوێندنەوەوە، لەهەموو بابەتێك یاخی دەبن و لای بەشێکی کۆمەڵگەکەیان بەڕەفتارو کرداریش نامۆ دەردەکەون، لەوبارەیەوە ئامادەبووانیش سەرنجی خۆیان بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی کۆڕەکە خستەڕوو.

کورتە چیرۆک

رۆژێك دەگەڕێمەوو خۆم دەناسێنم

ن/ یوسف اسماعیل

خەڵکەکە بە هێمنی هەنگاویان دەنا بۆ کافیەکان تا چێژ لە دیمەنەکە ببین، بەفر بە باڵەسپیەکەی بە هێمنی هەموو شاری داپۆشیەوە، حەز بە خواردنەوەی قاوەیەك دەکەم لە بەردەم پەنجەرەی کافیەك، کە ئەم خەڵکەیان ڕاکێشاوەتە سەر شەقامەکانی شار.

هەوڵم دا ◇ ئاکۆ ◇ لەگەڵ خۆم ببەم بۆ دەرەوە، بەڵام بێ دەنگی باڵی بەسەر خۆی و ماڵەکەیدا کێشاوە، بێ دەنگ ، بێ ڕووناکی.... تەنها دەڤێت خۆی و سەگە بچووکەکەی کە لە برایەك زیاتر خۆشی دەوێت و هۆگری ئەوە. لەسەرەتای ڕۆژێکی نوێ تا درەنگانی شەو بەرامبەر کورسیە بەتاڵەکەی بەرامبەرخۆی دادەنیشێت، هەوڵەکانم بۆ خۆ نزیك کردنەوە لە ◇ ئاکۆ ◇ بێ سوودە، هیچ قسەیەك ومرناگرێت، ڕۆژەکەی بە بێ دەنگی لەگەڵ کتێبەکانی بەسەر دەبات. لە هەموو سوچەکانی ماڵەکەیدا کتێب دەبینیت، وێنەکانیش کە هەڵی واسیوە خۆی هەڵدەداتە خەیاڵی خۆکوشتن و خۆ ونکردن، چرا و ڕووناکی لەم ماڵەدا وەك هێڵی سوورە، ئاکۆ بە تاریکییەکە هەمیشە لەگەڵ ڕەشەباکاندا دڵی خورپەی خۆشی لێدەدات.

کارە سەیرەکانی ئاکۆ، هاوڕێ و دۆست و دراوسێکانی سەرسام کردوە، ڕۆژانی باران دەچێتە بەرامبەر پەنجەرە و سەیری دەرەوە دەکات و کوپە قاوەکەشی لەدەست دایە و چێژ لە دیمەنەکە وەردەگرێت. ◇ ئاکۆ تکایە وەرە با پیاسەیەك بکەین، کەمێك خۆت لە کتێب و دانیشتن لەسەر ئەم کورسیە بێزارکەرە دووربکەوە، کەمێك ژیانی دەرەوە ببینە ◇

سەری بۆ لەقاندم و بە ئاماژە وتی: من نایەم. منیش بیرم کردەوە، زانیم چۆن بیهێنمەوە دەرەوە لەم ماڵە بێزارکەرە. ◇ئاکۆ بۆ نایەیت؟ من دەچم گۆڤارێکی ئەم مانگە دەکڕم کە تازە ژمارێکی نوێی دەرچووە◇◇. بە ساردی وتی: ناوی گۆڤارەکە چیە؟ ◇ تۆ سەرەتا وەرە ئەوکات دەیزانی، گۆڤارێکە ئەو بابەتانەی لە خۆ گرتووە کە تۆ ئارەزوویان دەکەی، توانیم بەم قسانە ئاکۆ رازی بکەم بێتە دەرەوە تا پیاسەیەکی لەگەڵ بکەم، بزانم هۆکاری ئەم گۆشەگیرییەی چییە و هەمیشە دەیەوێ تەنها بێ؟! کاتێك گەیشتین بە دوکانی کتێبفرۆشەکە هەستم کرد بە بینینی دوکانی کتێبفرۆشەکە دڵخۆشە، سەیری کتێبە تازەکانی دەکرد، لاپەڕەکانی زۆر بە ناسکی هەڵدەدایەوە و بەجوانی سەرنجی پەڕەکانی دەدا، لە ناکاو ئاکۆ بە قسەهات و وتی:- ئەم کتێبە بەرگەکانی تریشی بەردەستە؟◇◇ کتێبفرشەکە: بەڵێ بەردەستە، ئارەزووی خوێندنەوەی چ جۆرە کتێبێك دەکەن بەریز؟◇◇ ، ◇ ڕۆمانی خەیاڵی بێت، ئەم جۆرانەتان هەیە؟◇◇ ، ◇ بەڵێ بەڵێ، سەیری لای ڕاستت بکە ئەمانە ڕۆمانی نوێین و بابەتی خەیاڵین◇◇. ◇ زۆر باشە، ئەم پێنج دانەیەم بۆ دابنێ، وە چ گۆڤارێکی ئەدەبی هەیە؟◇◇ ، ◇بەریزم ڕاستی گۆڤار لە ئێستادا زۆر کەم بونەتەوە دەتوانین بە پەنجەی دەست بیان ژمێرین، بفەرموون ئەم سێ دانەیە بەردەستە◇◇ ، ◇ کێشە نیە، ئەم سێ دانەیم لەگەڵ ڕۆمانەکان بۆ دانێ◇◇. بزمیەکی خۆشی کەوتە ڕوخسارم، چونکە ئاکۆم بینی بەم کارەم لەگەڵی خۆشحاڵە و بێ هیچ قسەیەکی تر بکات ئاماژەی کرد تا بگەڕێینەوە ماڵ، کە گەیشتینەوە بەردەرگا ئاکۆ لێمی ڕوانی و وتی: ◇خۆشحاڵبووم کە هەوڵدا کە من دڵخۆش بکەی و کەمێك لە تاریکی دەرم بهێنی، گەر ئارەزوو دەکەی هەموو ڕۆژانی هەینی پیاسەیەکی شار دەکەین، تا هەینی داهاتوو ماڵئاوا◇◇. ◇زۆر سوپاس ئاکۆ، بەهیوای دیدار◇◇ ، خۆم وەکو پاڵەوانێك هاتە بەرچاو، ئیتر پێویست بە هەوڵدان ناکات، من لەوانەیە پەی بە ژیانی ئاکۆ ببەم، ئاخۆ بۆ تەنیایە، بۆچی ئارەزووی تاریکی و بێدەنگییە.

لە ژووڕەکەم دانیشتم و خامەکەم دەرهێناو کاخەزێکی سپیم دەرهێناو دەستم بە نووسین کرد، بۆ ڕۆژی هەینی داهاتوو کۆمەڵێك پرسیارم نووسی تا «ئاکۆ» وەڵامی بداتەوە و منیش بزانم ج نهێنییەك هەیە لەم تەنیاییەی «ئاکۆ». ڕۆژان تێپەڕی و گەیشتینەوە ڕۆژی هەینی لەگەڵ خۆرهەڵاتن خۆم ئامادەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ «ئاکۆ» پیاسەیەك بکەین.

لای من ئەمە پیاسە نیە ئەمە دیدارە، کاتێك نزیك بوومەوە لە ماڵی ئاکۆ بەردەمی ماڵی ئاکۆ قەرەباڵغییەك هەیە، نزیك بوومەوە تا بزانم لێرە چ باسە؟ بەڵام خەڵکەکە بەبێ دەنگی وەستابوون تا ئەفسەری پۆلیس لەماڵی ئاکۆ هاتە دەرەوە و ئاکۆیان قۆلبەست کردبوو، هەرچەندە هۆکاری قۆلبەست کردنەکەیم پرسی بەڵام وەڵامێك نەبوو◇◇ من لەدوای ئاکۆ خۆم گەیاندە بنکەی پۆلیس و بە ئەفسەری لێکۆڵەرم وت من یەکێکم لە هاوڕێ نزیکەکانی، دەکرێ بزانم چی ڕوویداوە؟. ◇ هاوڕێکەت لە لایەن دراوسێکانیەوە سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە، لەسەر ئەوەی گوایە هەتیوبازە◇ ، دەمم بووە تەڵەی تەقیو، زۆر بە سەرسامییەوە وتم چی؟! ئاخر شتی وا چۆن ئەبێ، ئاکۆ بە ڕوخسارێکی ماندوو و خەمگینەوە سەری داخستبووە سەر زەویەکە بێدەنگ بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ وەستابوو. دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیم بە دەستەبەری ئازادی بکەم تا چارەنوسی سکاڵاکە لە دادگا یەکلایی دەبێتەوە، لەگەڵ ئاکۆ گەڕاینەوە بۆ ماڵ و خەڵکی گەڕەك هەموو سەیری ئێمەیان دەکرد، ڕووم لە خەڵکەکە کرد و وتم: ئێوە کوا هەستی مرۆڤایەتی و ئاینییتان؟ بە ج بەڵگەیەك کەسێکی ئاوا بێ گوناھ کارێکی ئاوا قێزەونی ئەنجام دابێ، ژیانی تایبەتی خۆیەتی چۆن دەڕیت؟ تەنها دەڕی یان نا، ئێمەش کەسمان هێندە بێ تاوان نین و فریشتە بین، بایی ئەوە تاوانمان ئەنجامداوە، ئەوە خۆمان و خوداین دەیزانین و خوداش پەردەپۆشی کردووە، بۆیە دەڵێم گەر ئەم کوڕە پاك و بێ تاوانیش نەبێ، تاوانی لە ئێوە زیاتر نییە.

خەڵکەکە کەوتنە ورتەورت و پستەپست لە بەینی یەکدی، هەنێکیان بەچاوێکی خراپ دەیان ڕوانییە ئاکۆ، دووبارە بێدەنگیم شکاند و وتم: ئێوە خودا ناناسن، تۆمەت ئەبەخشن تەنها دەتوانن وەك قەڵ دەنگە دەنگ بکەن، ئەو کارانەی ئێوە دەیکەن ڕۆژێك دەبێت باجەکەی بدەن. ئاکۆ قۆڵی گرتم و هەنگاوی بەرەوە ماڵەوە نا، لەسەر کورسیەکەی دانیشت و هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی، کلیلی ماڵەکەی پێدام و وتی: بگەڕێوە بۆ ماڵ، بەیانی قسەدەکەین.

بەیانی گەڕامەوە بۆ ماڵی ئاکۆ، لەدەرگام دا کەس وەڵامی نەبوو منیش کلیلەکانم دەرهێنا و چوومە ژورەوە، بەڵام بینیم هیچ شتێك لەم ماڵەدا نەماوە هەمووی بردراوە جگە لە هەنێ کتێب نەبێ، لە نێو کتێبەکە کاخەزێکی سپی گەورە نووسرابوو منیش دەرم هێناو سەیرم کرد، لەسەرەتای پەڕەکاغەزیەکە نوسرابوو، بۆ هاوڕێیەکەم کە حەزی دەکرد من وەك خەڵك ژیان بکەم.

’’هاوڕێکەم کە دوێنی کلیلەکانم پێدایت بۆ ئەوە بێت و ئەم نامەیە بخوێنیتەوە، من ئێرەم جێهێشت، بەڕاستی خەڵکی ئێستا زۆر سەیرن، کاتێك کەسێك بەتەنها ژیان دەکات و خۆی لە کەسانی تر بە دوور دەگرێت ئەوە مانای ئەوە نییە کە کەسێکی گۆشەگیرە یاخوت خەمۆکە، بەڵکوو ئەم کەسە ئازار دراوە و پێویستی بە پشووە.

خەڵك لە هەڵبەستنی قسەی پڕوبووج و بێ بنەما هیچ کارێکی تریان نییە، پێت وایە من چیم، من لەشارەکە ڕامکرد تا بەتەنها بژیم، خۆم و ئازارەکانم کەلەگەڵیان کردم، بەڵام مرۆڤە درندکان حەزناکەن کەس بێ کێشە سەر بە سەرینەکانیان بکات و بخەون، من لەشارەکەی خۆم نووسەرێکی ناودار بووم بەڵام بەهۆی مەستی چاوێکەوە کەوتمە دەریای تەنهایی، بۆیە تەنهایم هەڵبژارد وتمە خۆم یان لەگەڵ ئەو ژیانێکی تێکەڵاوم دەبێت یان خۆم دەخەمە دەریای تەنهایی، بۆچی مرۆڤەکان ئەوەندە درندەن، بۆچی کەس بەزمیی بە کەس نایەوتە.

لەکۆتاییدا هاوڕێ من قەرزاری تۆم، ئەم کتێبانەم بۆ جێهێشتووی کە نووسیینی خۆمە، وە دڵنیابە ڕۆژێك دەگەڕێمەوە و خۆم دەناسێنم.....’’

تابلۆی بەهاری خۆشەویستی (١٨٧٣)

ڕا: عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

ئەم تابلۆ ناوازەیە کە هەندێك جار بە (جۆلانە) ناوی هاتووە؛ ساڵی ١٨٧٣ لەسەر پارچە قوماشێکی کانڤاز بە ڕووبەری (٢٠٣،٢سم بەرزی و ١٢٧ سم پانی) کە دەکاتە (٨٠ ـ ٥٠ ئینچ) لەلایەن شێوەکاری فەرەنسی «پییەر ئۆگێست کومت».ەوە کێشراوەو تیایدا «ئۆگێست کومت».ی شێوەکار چرکەساتی گەرمی ژوان و خۆشەویستی نێوان تۆلازێك و کچۆلەیەکی نەخشاندووە کە زۆر بە پەرۆشەوە بۆ یەکتر دەڕوانن و لەسەر جۆلانەیەك پێکەوە دانشتوون کە لە دارستانێکی بەرفراواندا لە دوو لاوە بە لقی پیرەدارێکی بەسالاچووەوە شەتەکدراوە.

لەلای زۆربەی لێکۆڵەران یەکێکە لە جوانترینی ئەو تابلۆیانەی گوزارشت لە گرتەیەکی گەرمی ڕۆمانسی پاکنوودانە دەکەن، بەپێی بۆچوونی زۆربەی توێژەران ئەم تابلۆیە ناوازەترین گرتەی ڕۆمانسی لەخۆ دەگرێت کە دوبارەبونەوەی بەش بە حاڵی خۆی نیوچە مەحاڵە، داهێنانێکە بەر لە سەدو سی ساڵی ڕابردوو تەواوکراوە تا ئێستاش زۆربەی بینەرانی سەرسامکردووەو خەیاڵ و هۆشی بردوون.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و دوای تەواوبوونی ئۆگێست کومت لە تابلۆکە؛ لە هۆڵی هونەری پاریس نمایشی دەکات و دەبێتە جێی سەرنج و لەلایەن هونەردۆستان و زۆربەی جەماوەرەوە ڕێزی زۆر گەورەی لێ دەگیرێت ؛ دواتر خودی تابلۆکە بە ملیۆنان دانەی لەسەر کۆپیکراوەو لەسەر بەرگی چەندین کەرەستەی فرۆشیاری و دیاری جیاجیاو کارتی بۆنەکان و پۆستنامەکان دانراوەو کار گەیشتە ناودار بوونی تابلۆکە تا بوو بە ئایکۆنێکی هونەری بالاو لە خودی هونەرمەندەکە زۆرتر ناوبانگی پەیداکرد، کە بۆ یەکەمجار لە پاریس نمایشکرا یەکێك لە دەوڵەمەندانی شارەکە کەڕی و دواتر فرۆشرایە ئارمزوومەندێکی کۆکردنەوەی توحفەی هونەری، دواتر هەمان تابلۆ گەڕێنرایەوە بۆ مۆزەخانەی برۆکلین و بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ مایەوەو دواتر درایەوە بە هەمان کڕیاری یەکەم ، دوای وەرگرتنەوەی بە ماوەی ساڵێك بۆ ماوەی چل ساڵی تر دووبارە ونبوەوەو هیچ شوێنەوارێکی لەسەر ڕووی زەوی ئاوەدان دەرنەکەوت، دواجار لە ژێرزەمینی کۆگایەك لە ئۆتێلێکی ئەمریکا دۆزرایەوەو گواستراوەو بۆ بەریتانیاو لە مەزادبازاڕی سۆثبی لە لەندەن بە پارەیەکی لە رادە بەخوار بەکەمتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا فرۆشرایەوە.

بابەتی تابلۆکە لێوانلێوە لە گرفتە سەختەکانی خۆشەویستی، هێندەی فەرهەنگێك یان داستانێك بارگاوییە لە ئازاری عیشق و پاکنوودی، دوورکەوتنەوەو پەنابردنەبەر کونجێکی جەنگل بەو هەموو سامناکییەوە زۆر لە تەفرەو لۆمەی چاوبگێڕانی دۆست و ئەغیار ئارامترو نەرمترە، گەنجەکە بە هەر دوو دەستی توند گوریسی جۆلانەکەی گرتووەو کچەکەش هەر دوو دەست و بازووی لە گەردنی کوڕەکە ئاڵاندووەو نیشانەی تەواوی متمانەبوون بە ڕوخساری هەردووکیانەوە بە تەواوی دیارە، بەبێ ئەوەی زاریان بترەکێنن لە شێوازی ڕوانینیان بۆ یەکتری بە گرێشمەی چاو ڕاز دەگۆڕنەوە کە سیفەتێکی تایبەت و پەنهانە لە ڕوانینی عاشقان؛ هەروەك زمانی جەستە لەم تابلۆیەدا بە زەقی دەرکەوتووە. زۆرترینی ڕووناکی لە تابلۆکەدا کەوتۆتە دیوی مەعشوقەکەو هاوبار سادەیی پۆشاك و ڕووتی شان ومل و دەرکەوتنی سنگی کچەکە جگە لە نیازپاکی و خۆشەویستی ڕاستینە هیچ ئاماژەیەکی تر هەڵناگرێت و ئەوەی کۆیان دەکاتەوە یەکانگیر بوونیانە لە سەراپای عیشقێك کە لە خودی خۆیان بترازێ متمانە بە کەسی تر نەکەن، دەروونکۆڵەکان دەڵێن ئەگەر بە وردی لەم تابلۆیە بڕوانین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خودی شێوەکارەکە عاشقێکی شکستخواردووی خاکەساریووە، کە کەسوکارو دەوروبەر دەستیان لە تێکدانی پەیوەندییەکەیان هەبووە.

پییەر ئۆگێست کومت (**Pierre-Auguste Cot**) ساڵی ١٨٣٧ لە بێدارایۆ (**B□darieux**) لە فەرەنسا لە دایکبووە، هونەرمەندێکی هەستیارو چالاك بووە، لە کارەکانیدا بە دانایی و کارامەیی وردەکاری زۆری لەسەر ڕۆشنایی و سێبەر کردووە، سەرەتا لە قوتابخانەی هونەری لە تۆلۆز دەخوێنێت و دواتر دەچێتە پاریس و لە لیۆن لەسەر دەستی کایڵی مامۆستای فێری هونەری شێوەکاری دەبێت، زۆربەی ساتەکانی تەمەنی گەنجی لە گوندەکانی دەوروبەری پاریس بەسەردەبرد؛ بۆ ئەو خزمەتگوزارو دەستگێڕە کچانەدا دەگەڕا کە جوانیی تایبەتیان هەیە تا لە تابلۆکانیدا بەرجەستەیان بکات، جگە لە پۆرترێت کە ناوبانگی زۆری بە هۆیەوە دەستەبەرکرد.. تابلۆکانی کومت تێکەڵەیەکن لە کلاسیزم و هەستی پاکی مرۆیی بەم کارەش بێ هاوتایی و ڕەسەنایەتی خۆی پاراستووە، ساڵی ١٨٧٤ کرا بە سواری پێشوازی شەرەف و ناوبانگی تەواوی دەرکرد، خەڵاتی یەکەمی ئەکادیمیای هونەری شێوەکاری پێ بەخشراوە، ساڵی ١٨٨٣ لە پاریس کۆچی دواییکردووە.

لە تابلۆی «زریان» بترازێت کە ئێستا لە مۆزەخانەی میترۆپۆلیتان پارێزراوە هیچ کارێکی تری هێندەی بەهاری خۆشەویستی بە جیهاندا بڵاو نەبوەتەوە.

دەق= بەرهەمهێنانی دەلالەتی هونەری

ن:حەمە کەریم عارف

((١))

ڕۆمان بریتی نییە لە کۆپی کردنەوەی واقیع، ناکاتە ڕانان ونمایشی بەهایەکی ئایدیالی، بەڵکو مامەڵەکردنێکی هونەرییە دەگەڵ قەدەری کارساتباری مرۆڤدا، تا ڕەهەندێکی ڕەمزی پێببەخشێت. لێردەدا سەروکاری ڕۆمان زیاتر لەگەڵ واقیعی مومکین دایە تا لەگەڵ واقیعدا، واقیعی مومکین ئەوەیە دەگەڵ ڕەوت وڕەوشی دەقەکەدا تێکبکاتەوەو لە چوارچێوەی دەقەکەدا واقیعی وقەناعەتبەخش بێ.

هەرکارێکی فیلیفانی ئەدەبی بگرێ، دەبێ سوود لە کەلەپووری ئەدەبی ومربگرێ تا ئیزافەی بۆ بکات وبە ئاراستەی باشتردا تازەی بکاتەوە. ئەو دنیایەی تێیدا دەژین لە گۆڕانی خێرا وبەردەوامدایە وتەکنیکە تەقلیدیەکانی گێڕانەوانییەکان، دەرقەتی دەربڕین و نیشاندانی نایەت و دەبێ تەکنیکی تازەی بۆ بدۆزێتەوە.. هەر سەردەمێکی تازە، تەکنیکی تازە دەخوازێ، ماقوول نییە لە سەدەی بیست ویەکدا، بە تەکنیکی سەدەی هەژدە مامەڵە لەتەك کەرەستە وچالاکییە ڕۆمانەوانییەکان بکەی.. تەکنیکی سەدەی هەژدەیەم، لە سەردەمی خۆیدا و بۆ قۆناغی خۆی چەندیش سەرکەوتوو بووبێ، لە گەڵ ئاوابوونی سیستەمی گوزارشتەوانی قۆناغی خۆیدا، دەوری تەواو دەبێ و ڕێگە بۆ تەکنیکی تازە چۆڵ دەکات؛ تەکنیکێك پڕ بە پێستی پێداویستیە گوزارشتەوانیە کەشفکارییە هونەرییە تازەکانی، سەردەمە تازەکە بێت. بۆ نموونە کاراکتەر لە ڕۆمانی سەدەی هەژدە ونۆزدەدا، واتە لە ڕۆمانی تەقلیدی و سوننەتیدا، کۆڵەکەیەکی یەجگار گرینگی ڕۆمان بووە، بەڵام لە سەدەی بیستدا، لە (سەردەمی گوماندا) لە سەردەمی نیگەرانی و شتاندن (تشێژ) و قەیرانی بەهاکاندا، دەوری کاراکتەر تەواو کاڵ دەبێتەوە.. کە ئەمە هاوتای ڕەفزکردنی بیرۆکەی (یەزدادنی مرۆڤ) ە..

جا بەم پێودانگە دەشێت بگوترێ ڕۆمانی مودێرن (تازە) دیاردەیەکی ئەدەبییە، زیاتر سەروکاری دەگەڵ مرۆڤ و دنیای تازەدا هەیە وجێگەی ڕۆمانی سوننەتی بە هەموو ڕێبازە شیکاری و ئەخلاقی و سایکۆلۆژییەکانییەوە دەگرێتەوە، کە گوزارشتی لە چینێکی کۆمەلایەتی دەکرد کە لە سەدەی نۆزدەدا گەییە لوتکەی شکۆی خۆی، ئەویش چینی بورژوا بوو. کە ئەوسا ڕۆمان وەکو داستانی بورژوازییەت دەهاتە پێناسە کردن، کە لەو سەردەمەدا، کار بۆ مرۆڤاندنی شتەکان و یەزدادنی مرۆڤ دەکرا، بەڵام لە دوای قۆناغی بورژوازییەتەوە، ئیدی دنیا لەوە دەرچوو مۆلکی ئینسان بێ و بە کەیفی دڵی خۆی و بە کەمااڵی ئارەزوو دەستەمۆی بکات. لەگەڵ پەیدا بوون و سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخدا، دیاردەی شتاندن سەری هەڵدا و پایەی مرۆڤاندن تەواو لەق بوو و ئەم واقیعە بە ڕۆمانی سوننەتی نەدەهاتە کەشفکردن و دەربڕین، بۆیە خۆیەخۆ زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمانی تازە خۆشکرد..

بەهەرحاڵ، لەم قۆناغەدا، لە قۆناغی شتاندنا، ئینسان بە هەموو پێداویستی و چالاکییەکانییەوە، لە سیستەمی شتاندن نەخەڵەسی و وەکو هەر کاڵایەك کەوتە ژێر هەژموونی، ڕێسای عەرز وتەڵەبەومو لە خوایەتی کەوت و بوو بە تەمەشاڤانێکی بێ دەسەاڵتی، غەریبی تەکنۆلۆژیا زەدە.. هەژموونی ئامێر بەسەر بەرهەمهێنانەوە زۆر زیاد بووە و کۆمەڵگە بە تەواوەتی بووە بە کۆمەڵگەیەکی ئیستیهلاکی بەکاربەر.. بۆیە سەروکاری ڕۆمانی تازە لە گەڵ ئەم مرۆڤە قەیراناویەدایە و هەوڵدەدا سەر لە نوێ بیخوڵقێنێتەوە، چونکە چیتر ئەو بوونەوەرە نییە کە خەون بەوەوە ببینێ و بتوانێ دنیای بابەتی بخاتە ژێر دەسەاڵت وڕکێفی خۆیەومو ژیانێکی پڕ خۆشی و کامەرانی وخوشگوزمرانی دابین ومسۆگەر بکات. هەموو ئاواتەکانی هەڵومرین، بەخۆی بووە بەشتێك، میکانیزمی سیستەمێکی میکانیکی – ئیستیهلاکی دیجوڵێنێ، ئازادی وماف، ئەو چەمك ودەاڵلەتانەی جارانیان لەدەست داوە. ئیدی دیاردە و واقیعی شتاندن و بەشت بوون، لە دنیای ڕۆژئاوای هاوچەرخدا، هەر هەموو ئەو پەیوەندییە مادی و ڕۆحیانەی گرتوومتەوە کە مرۆڤ، بە هاوڕەگەزانی خۆی و دنیاوە دەبەستێتەوە، ئەم دیاردەیە هەر لە چوارچێوەی ڕۆژئاوادا نەوەستاوە، بەڵکو پەل و پۆی بۆ هەموو دنیا هاویشتووە، بۆیە پێویستە بە زمانێکی ڕۆمانەوانی تازە، جیاواز لەو زمانە ڕۆمانەوانیەی کە لە سەدەی نۆزدەدا باو بوو، ڕوو بەڕووی ئەم ڕەوشە تازەیە ببێتەوەو پێویستە نووسەر لە گوتاری ئەدەبی خۆیدا، فرەییە ئایدۆلۆژی و ڕۆشنبیرییەکان ڕەچاو بکات، چونکە تەسەورو وێنا ڕۆمانەوانیە کالسیکیەکان دەرهەقەتی ئەوە نایەت، گوزارشت لەو هەڵوێستە لە ناکاو و چاوەڕوان نەکراوانە بکات کە بەرۆکی مرۆڤی هاوچەرخ دەگرێت وبیەوێ لە ڕێگەی زمانە کالسیکیەکەی خۆیەوە، ئارامی و دڵنیاییەکی ئەوتۆ بە خوێنەر ببەخشێت کە هەموو هەستێکی نیگەرانی و قێزهاتنەوە، لە تایبەتمەندییە هەرە باوەکانی سەردەمە، پێویستە گوتاری ڕۆمانەوانی، بە تەواوەتی خۆی بۆ شیکردنەوەی هونەریانەی ڕەوش و قەیرانە زۆر و زەبەندەکانی مرۆڤی سەردەم و هاوچەرخ تەرخان بکات.. کە ئەمەش تەکنیکی تازە دەخوازێ، چونکە گومان لەوەدا نییە کە چەمك و وێنای هەر سەردەمێك بە حوکمی لۆژیك و حوکمی کارلێکی هەلومەرجێن جفاکی وڕۆشنبیریی و ڕامیاری، لە چەمك و وێنای سەردەمێن پاش یان پێش خۆی جیایەو ئەم چەمك و وێنایانە لە گۆڕانی بەردەوامدان، بۆیە پێویستە بونیادی هونەریی ڕۆمانیش، بگۆڕێ و دەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا تێك بکاتەوە کە لە هەموو ئاستێکدا بەسەر کۆمەڵگەدا دێ.

((٢))

دەکرێ حیکایەت وگێڕانەوە، ڕووداو، وکاراکتەر (قارەمان) بە ڕەگەز و تەوەری سەرەکی ڕۆمانی کالسیکی (تەقلیدی) دابنرێ کە ڕۆمانی تازە بەمە قایيل نییە. بۆ نموونە کاراکتەر لە ڕۆمانی تازەدا، تەواو کاڵ دەبێتەومو بەرەبەرە دەسەاڵتی خۆی لە دەست دەدات و ئەو دەسەاڵتە هونەرییەی کە لە ڕۆمانی تەقلیدیدا هەیەتی لەدەست دەدات، تاقە سوارە بەگژ عالەمێکی داڕوخاوی بێ خودادا دەچێت، وەك خواپەرستێکی بێ خودا، وێڵ و سەرگەردان، بێهودە دەکەوێتە منەی بەهایێن ڕەسەن؛ ئەو بەهایانەی کە سەردەمیان بەسەر چووە. کاراکتەر کە جاران گوزارشتی لە فەردانیەت و تاکایەتی تاك لە کۆمەڵگەی بورژوازیدا دەکرد، ئەو دەورەی جارانی تەواو کاڵ بووەوە و نەما و لە الی هەندێك لە ڕۆمانووسانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، فەردانیەتێکی دژبەری بورژوازیەت هاتە ئاراوە. لە ڕۆمانی تەقلیدی دا، کاراکتەر یان قارەمان کۆڵەکە و تەوەری سەرەکی ڕۆمانە و هەموو ڕەگەزە ڕۆمانەوانیەکانی دیکەی وەکو گێڕانەوە و بوێەر و گرێ، بە دەوری ئەودا دەسوڕانەومو دەخرانە خزمەتی ئەوەوە.

بەاڵم ڕۆمانووسانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، وەکو پروست، جویس، فرجینیا وولف، کافکا و فولکنەر، ئەم تەومر مەداریانە لە ڕۆمانا گۆڕی و زەمینەیان بۆ پەیدا بوون و سەرهەڵدانی ڕۆمانی تازە خۆشکرد، ڕوویان کردە نووسینی ڕۆمانێك کە بە تەواوەتی ملکەچی کاراکتەر نەبێت.. دیارە ڕەفزکردنی قارەمان لە الیەن نووسەرانی ڕۆمانی تازەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەتکردنەومو دژایەتی دنیای بورژوازی کە کۆمەڵێك چەمکی ڕۆمانەوانی سادە و ساکاری دەربارەی واقیع بەرهەمهێنابوو، کە خوێنەر بە دڵنیایی و بێ چەند و چوون قەبوواڵی دەکرد.. کە ئەمە بۆ خۆی جۆرە هەوڵێك بوو بۆ بەردەواماندنی هەژموونی چینی بورژوازی.. دیارە ئەم ڕەتکردنەومیەی قارەمان و قارەمانگەراییە، لە چالاکییە ئەدەبییەکانی تیەرەی بەشەردا تازە نییە، چونکە هەر قۆناغێکی مێژوویی ژیانی میللەتان، بونیادی ئابووری وسیاسی وڕۆشنبیری خۆی بەرهەمهێناومو لە قۆناغەکانی پێش خۆی جیاواز بووە و دەرهاوێشتەی جیاوازی هەبووە؛ هەموو کۆنێك تازەی دوێنێ بووە و گشت تازەیەك دەبێتە کۆنی سبەینێ.. ئەدەبیاتیش وەکو چالاکییەکی هونەری و ئیستاتیکی لەم پرۆسە بەردەوامەی گۆڕان و گۆڕانکاریە بەدەر نەبووە و نابێت. ئیدی لە سێبەرو سایەی ئەم گۆڕانە هونەری و فیکریانەدا، کە لە ناومڕاستی سەدەی بیستەمەوە تەشەنەی کرد و هەژموونی پەیدا کرد، ڕۆمانی تازە سەری هەڵدا، تا کێشە و ئاریشەکانی مرۆڤی تازە، کە لە هی خەڵکانی پێشووتر جیاوازە، لە ڕووی هونەرییەومو بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ڕۆمانی تەقلیدی مالیجە بکات، چونکە بە بۆچوونی پێشەنگان وئااڵهەڵگرانی ڕۆمانی تازە، ڕۆمانی تەقلیدی دەرفەتی ئەوە نەدەهات، دنیای دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤی تازە، هونەریانە بەرجەستە و دەست نیشان بکات. بۆیە ڕۆمانی تازە، قارەمان بە شێوە تەقلیدیەکەی الی بالزاك و ستندال و فلوبیری فەرەنسی و دۆستویفسکی ڕووسیای تزاری بە تەواوەتی ڕەفز دەکات.. و گومان لە ڕەگەز و بنەماکانی وەکو گێڕانەومو قارەمان و ئیلتیزام و... هتد پەیدا دەکات و بە ڕەگەزی کۆن و سواویان دەزانێت.. بۆیە گۆڕانی گەورە بەسەر کاراکتەری ڕۆمانەوانیا هات و لە ڕۆمانی تازەدا قارەمان و ڕۆمانی قارەمانی بەمانا سوننەتیەکەی ئاوابوون و سەردەمیان بەسەر چوو.. ئەگەر سەردەمی غیاب و ئاوابوونی کاراکتەر، بەالی ڕۆمانووسانی تازەوە، زادەی بێ متمانەیی بە دنیا و بە سەردەمی گومان بێ، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ، کە ڕزگاربوون لە قارەمان کارێکی ئەومندەش ئاسان نییە وەکو وێنا دەکرێ، بەڵکو گۆڕانەکە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕۆمانووسانی تازەیە لە گەڵیا، کە مامەڵەیەکە بەالی خوێنەرانی ڕاهاتووی دنیای ڕۆمانی سوننەتییەوە، غەریب و نامۆیە. ڕۆمانووسانی تازە دەزانن کە ناتوانن دەستبەردای کاراکتەر ببن، بەاڵم لە یەك ڕوانگەوە مامەڵەی لەتەکدا ناکەن، چونکە کاراکتەر چ واقیعی بێ و چ ڕۆمانەوانی، جێوە تەبیعەتە، تەنیا قووڵی و عومقی دەروونی نییە، تا لە ڕێگەیەوە بگەیتە حەقیقەتی ئەم یان ئەو کاراکتەر، بەڵکو هەر شەخسیەت و کاراکتەرێك بگری، هەزار توێیە و فرە عومقە، عومقی دەروونی دەبێ بە پێی هەر بوبەرێك، کە تێی دەکەوێ و دێتە ڕێی، مامەڵەی لە تەکدا بکرێ و عومقە دەروونییە جۆراوجۆرەکانی لە باری هونەرییەوە کەشف بکرێ.

ئیدی تێوری تەبع وتەبیعەتی جێگیری ئینسان گۆڕا، ئینسان پێ بە پێی ئەو حاڵەت و هەڵوێستانەی پێیدا تێدەپەڕێ دەگۆڕێت و ئەم دیاردەیە زۆر بە ڕوونی لە دوای هەر دوو جەنگی جیهانیدا بەدیار کەوت ولەگەڵ قەیرانی فیکری بورژوازیەتدا، ئینسان دووچاری نیگەرانی بێ وێنە بوو.. لە سایە و سێبەری ئەم کەش و هەوایەدا ڕۆماننووس، نەك هیچ شتێکی ئەکید و پێشوەختە دەربارەی قارەمان و کاراکتەرەکانی نازانێ، بگرە ناتوانێ سەر و سیما و ڕەنگ و ڕوو و ناویان دیاری بکات، چونکە بەجۆرێ مەسخ بوون، کە نایەنە ناسین و وەسف کردن، بۆیە زۆرجار بە ڕەمزێك یان بە هێمایەك یان حەرفێك یان ڕاناوێك، ئاماژە بۆ کاراکتەر دەکرێ.

دیارە هەر ڕۆماننووسێکی تازە بە جۆرێ مامەڵە لەگەڵ کاراکتەرەکانیا دەکات و، تەنیا لەومدا یەك دەگرنەوە، کە ئەو جۆرە قارەمانەی لە ڕۆمانی سوننەتیدا باو بوو، سەردەمی بەسەرچووە..

((٣))

ئەگەر قارەمان یان کاراکتەر لە ڕۆمانی تەقلیدیدا ڕەگەزێکی سەرەکی و بەردی بناغە بێ، ئەوا ڕەگەزی چیرۆکفانی و حیکایەتەوانیش، واتە چۆنیەتی گێڕانەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکە، چیوای لە قارەمان و کاراکتەر کەمتر نییە و ڕۆڵی یەجگار زەرووری و گەورەی لە بونیادی دەقی ڕۆماندا هەیە.. بەاڵم لە ڕۆمانی تازەدا، بە ڕەگەزێکی سواوی کۆن و لەباو کەوتە دەژمێردرێ و بەم پێودانگە گرێ و پلۆتیش بایەخی جارانی نامێنێ.. دیارە ئەو نووسەرانەی بایەخی سەرەکی و تەواو بە چیرۆك و حیکایەتی دەقە ڕۆمانەوانییەکانیان دەدەن زیاتر سەرگەرمی خوێنەریان مەبەستەو لە ڕێگەی داڕشتنی ڕووداوێن گونجاو وکرونولۆژیەوە، دەیانخەنە دنیایەکی پڕ لە غافڵگیری و سەری و نائاساییەوە، وایان لێدەکەن، یەك نەفەس لە هەوەڵەوە تا کۆتایی لە سەر خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەردەوام بن.. هەوەڵین هەوڵی ڕەفزکردنی ڕەگەزی چیرۆکفانی و حیکایەتەوانی ڕۆمان، لە پێش ڕۆماننووسە تازەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ فلوبیر، کە زیاتر عەودااڵی حیکایەتێکی مەیلەو نادیار بوو. هونەری ڕۆمان لە ڕۆمانی تازەدا، نەك خوێنەر سەرگەرم ناکات، بەڵکو ماندووشی دەکات، چونکە نایەت واقیعێکی هاوشانی واقیعی ڕاستەقینە بخاتەڕوو، بەڵکو لە گەڕانی بەردەوامدایە بەدووی واقیعیەکدا کە لە حاڵی ڕووداندا بێ، ئەگەری ئەوە هەبێ بێتەدی.. لە ڕۆمانی تەقلیدیدا، هونەری گێڕانەوەی چیرۆك و حیکایەتی ڕۆمانەکە، دەکاتە کارێك کە خوێنەر بێ چەند و چوون ئەو واقیعە قەبووڵ بکات کە پێشکەشی

دەکرێ و بەخۆی هیچ بۆچوونێکی دربارەی بارگە فیکرییەکانی ئەو واقیعە نەبێ.. واتە نەک هەر خۆیەر سەرگەرم دەکات، بەڵکو ئاسوودەو دڵنیاشی دەکات.. واتە لەم حاڵەدا، خۆیەر کەسێکی بەکاربەرە نەک بەرهەمهێنەر.. ئەمەش لە هەژموون و کاریگەری ئەو سیستەمە جڤاکییە بەدەر نییە کە خۆیەر تیا دەژی.

ئیدی لەگەڵ ڕاخوشینی ئەستێرەی هەژموون و دەسەڵاتی بورژوازیەتدا، شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکی دەقی ڕۆمانیش، گۆڕا و ڕۆمانووسان کەوتنە جەرپاندنی شێوازێکی جیاواز لە شێوازەکانی جاران کە ئەمە بە ڕوونی لە ڕۆمانەکانی فلوبیر و پروست و فوکنەردا بەدی دەکرێ، بەاڵم ئەمە بەو مانایە نییە، کە ڕۆمانی تازە بە یەکجارەکی دەستبەرداری ڕەگەزی گێڕانەوەی چیرۆکفانی بووە یان دەبێت، بەڵکو بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ڕۆمانی سوننەتی، بەکاری دێنێ و تەوزیفی دەکات، بەجۆرێ کە بێهیچ مەرجێك گوزارشت لە سەردەمی تازە بکات.. گوزارشت لە ئینسانی ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەك بکات. هەڵبەتە پێویستە ئاماژەیەك بۆ ئەوە بکرێ کە ڕۆمانی تازە ناتوانێ بەیەکجارەکی دەستبەردار ڕەگەزە هونەرییەکانی وەکو کاراکتەر و گێڕانەوە وگرێ و... هتد ببێت، بەڵکو ئەوەی گۆڕاوە، شێوازی مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەو ڕەگەزە هونەریانەدا کە گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە.. لە ڕۆمانی تازەدا زیاتر بایەخ بە خەڵەساندنی دەقی ڕۆمانەوانی لە زەمانیەت و تاریخیەت دەدرێ، گرینگی بە هونەرییەت وکراوەیی دەق دەدرێ، تا بایەخ بە شیکردنەوەی بارە دەروونییەکان یان هەڵوێستە فیکری و ئاکاریەکان بدرێ..

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەك بۆ ڕیالیزم و واقیع بکرێ.. کە دیقەت بدەیت دەبینی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان لە کۆنەوە، بەناوی واقیعیەتەوە دژی یەك وەستاونەتەوە؛ واقیعیەت بە مانا زمانەوانیەکەی، واتە نزیك بوونەوە لە واقیع و وێنەگرتنی واقیع لە ئاستێکی ورد دا.. کێشەی ڕیالیزم لەوەدایە کە هەر ئەدیبێك، هەر ڕێبازێکی ئەدەبی، لە ڕوانگە و نورپینی هونەری و فیکری خۆیەوە دەڕوانێتە دنیاو واقیع، بۆیە بۆچوونێکی یەکگرتوو دەربارەی چەمك و زاراوەی واقیع نییە.. بۆیە هەر نووسەرێك، لە ڕووی فیکری و هونەریەوە وەستا و نەیتوانی بەردەوام بێت، نەك هەر لە کاروان بەجێ دەمێنێ، بەڵکو زۆرجار دەبێتە کۆسپ لەبەردەم بەردەوامبوونی کاروانی نووسیندا، ئیدی دەبێ پێداچوونەوە بە چەمك و زاراوەی ڕیالیزم و واقیعدا بکرێت، سەرلەنوێ کەشف بکرێتەوە، زەروورەتی ئەم شۆڕش و کودەتا ئەدەبیانەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە واقیع خۆی لە گۆڕانی بەردەوامدایە، کە ئەمەش وا دەخوازێ بەبەردەوامی، بە چاوی جیاوازەوە تەمەشا بکرێ، ونگەکانی کەشف بکرێ، چونکە داهێنان دەبێ شانبەشانی ژیان بڕوات، تا ئەوزار و چەمك و شێوازە هونەری و ئەدەبییەکانی خۆی تازە نەکاتەوە، ناگاتە ئاستی زندوویەتی و دینامیکیەتی واقیع و لە جێی خۆی ئەم پێ و ئەوپێ دەکات و جارێ مەرگی خۆی دەدات. جا ڕۆمانی تازە لەم پێودانگەوە، کە بەمەبەستی کەشفی تازەی واقیع ئیش لە سەر زمان و نووسین دەکات، دژی ئەو ڕیالیزمە دەوەستێتەوە کە بووە بە قاڵب و کڵێشەی ئامادە و ناتوانێ شانبەشانی ئەو گۆڕانکاریە گەورانە بڕوات کە لە ژیانی مەتریالی وڕۆشنبیریی وڕامیاری وتەنانەت پەیوەندییە خودییەکانی نێوان بەشەریشدا ڕوویان داوەو ڕوو دەدەن.. دیارە ئەم جۆرە واقعیەتە بە هەر دوو باڵە بورژوایی و سۆسیالیستیەکەیەوە، ئەو دەقە داخراوانەیان لێدەکەوێتەوە، کە واقیع، لە میانی ڕوانگەیەکی فیکری پێشوەختەوە، لە قاڵبێکی ئامادە دەدەن.. ڕۆمانی تازە بەم جۆرە دەق و نووسینانە قایيل نابێ و پێی وایە مەبەست و ئارمانجی ڕۆمان ئەوە نییە، دەوری ڕاگەیاندن وبەڵگاندن و ڕاپۆڕی زانستی بگێڕێ، بەڵکو واقیع دروست دەکات، واتە واقیع لە ڕوانگەی ڕۆمانووسی تازەوە، پەنهان و نادیارە، بە ئەوزار و شێوازی باو و سواو گوزارشتی لێناکرێ.. دەبێ واقیع لە نوێ دابهێنرێ و بەردەوام گەنگەشە بکرێ. ئەمەش لە ڕێگەی شێوازو ئەوزاری گوزارشتەوانی تازەوە دێتەدی.. ئیدی بەگوێرەی ئەم بۆچوونە جیاوازانە بۆ واقیع و پرۆسەی نووسین، هەر ڕۆمانووسێك، نۆرینی تایبەتی خۆی بۆ دنیا هەیە. یانی بەم پێودانگە دەبێ نووسین خۆی لە هەر چەمکێکی سواو و پواو دوور بگرێ و ڕووبکاتە واقیع، نەك بۆ ئەوەی تەنیا وەسفی ئەو شتانە بکات کە دەیبینێ، بەڵکو بۆ ئەوەی هەندێ شت دابێنێ، ڕێگە بۆ ئەوە خۆشبکات، کە لە نوێ تەمەشا بکرێ، دیارە ئەم پرۆسە تێکستەوانیە دەکاتە کارێك کە وێنەیەکی دیاریکراوی واقیعێکی فرە ڕوو بنوێنێ، وەکو ئەوەی ئاوێنەیەکی فرە گۆشە بێ، یەك ڕوو بە شێوەیێن جیاواز نیشان بدات.. لە ڕۆمانی تازەدا بۆیە دژایەتی ڕیالیزمی سوننەتی و تەقلیدی کراوە، چونکە ڕیالیزمی سوننەتی لە سەر بناغەی هەندێ باوەڕ و بۆچوونێن سادە ڕۆنراوە کە گوایە واقیع، دنیایەکی دەرەکی جێگیر و بەردەوامەو تەبیعەتێکی ئەزەلی هەیە، و دنیایەکی هندوری بزۆز ونەسرەوت و دینامیکی لە هەنبەردا هەیە، ئەم ڕیالیزمە قەناعەتی وایە پەیوەندی نێوان ئەم دوو دنیایە پەیوەندییەکی میکانیکی وسادەیە.. لە ڕۆمانی تازەدا، تەواو بە پێچەوانەوە، هەوڵدەدرێ دنیایەکی پەنهان ونادیار، لە هەموو ڕوویەکیەوە ڕێژەیی، پێشکەش بە خۆیەر بکرێ، کە ئینسان تیایدا، نە وەکو سەروسیما و نە وەکو جیهانبینی خویایە، چونکە لە بنج و بناوانەوە لە ناو ناکۆکی و ململانێیەکی ترسناکدا دەژی، لە گەڵ خودی خۆشیدا کۆك نییە.. بۆیە ڕیالیزمی تازە لە خەمی ئەوەدا نییە حەقیقەتێکی، هاوتا و هاوشانی واقیعی ڕاستەقینە بخاتەڕوو، بەڵکو ڕەهەند و دەڵالەتێك بە شتەکان دەدات، کە پێشوەختەو بە گوێرەی جیهانبینی و نورپنێکی ئامادە وحازر، فەراهەم نەکرابێ.

خۆ ڕۆمانی تەقلیدیش گوزارشت لە هەندێ دەڵالاتی ئاکاری و دەروونی و سیاسی دەکات، بەاڵم ڕۆمانی تازە بەوە جیا دەبێتەوە کە دەڵالەتە باو و کڵێشەیی ئامادەکان ڕەفز دەکات.. پابەندی چەمکە فیکرییە باوەکان نابێت..

((٤))

هەڵبەتە هەر چالاکییەکی ئەفراندنەوانی بگری لە بنەڕەتدا، جۆرە خۆیندنەوەو نۆرپنێکە بۆ ژیان. واتە ئەدەب لەم پێودانگەوە بەر لە هەرشتێك قەوارە و کیانێکی زمانەوانیە، واتە کەرەستە زمانەوانیەکە هەرکە دێتە ناو دەقە ئەدەبیەکەیەوە دەڵالەتێکی تازە پەیدا دەکات، ئەدەب بە پێچەوانەی هونەرەکانی دیکەوە، هەمیشە جۆرە تەم و مژێکی فیلیڤانی بە دەورەوبە و جۆرە ئاڵۆزی و گۆنگیەکی بەگەڵ دەکەوێ، لە لایەکەوە زمانە و لە ئالیەکی دیکەوە دەڵالەتە، ئەمەش وادەخوازێ، بۆ تێگەیشتن لە کیان و قەوارەی ئەدەب، دەبێ تەکنیکەکەی بخرێتە بەر وردبینی لێکۆڵینەوەوە. واتە لەم ڕوانگەیەوە نە زەمانی کرنۆلۆجی ونە کاراکتەر و نە چیرۆك وحەکایەتی دەقەکە گرینگە، بەڵکو ئەوەی گرینگە ئەدەبیەتی دەقەکەیە، کە خۆی لە زنجیرە تەکنیکێکی بەرهەمهێنەری دەڵالەتاندا دەبینێتەوە.. واتە بونیادە زمانەوانی و هونەرییە جۆراوجۆرەکان شەرتە؛ ڕۆمان دەکاتە کۆمەڵێك بونیادی دەڵالی و زمانەوانی و حیکایەتەوانی کە لە ئاستە زمانەوانیەکەدا لە کاریگەری مەسەلە ئابووری و جڤاکییەکان بەدر نییە.. واتە زمان پردێکە لە نێوان دەق و کۆمەڵگەدا، کە بۆ خۆی دەکاتە زنجیرەیەك دەڵالەت و نیشانەێن زمانەوانی و نا زمانەوانی.. هەڵبەتە خەیاڵ دەکاتە بناخەی هەموو نووسینێکی ئەدەبی بە گشتی و ڕۆمانەوانی بەتایبەتی، چونکە ئەدەب لە ڕاستیدا، دەکاتە پێکهاتەیەکی زمانەوانی و ئەرکێکی ئێستاتیکی لە سەرە.. جا بۆ ئەوەی باندۆر و کاریگەری گەورەی بەسەر خۆیەرەوە هەبێ و لە باری دەروونییەوە ڕازی بکات، هەست بە جۆرە لەزەتێکی ئێستاتیکی بکات و بکەوێتە دنیایەکی ئەفسووناویەوە، دەبێ لە ئەدەبیەت بەدەر نەبێ، کە ڕەگی ئەدەبیەت دەچێتەوە سەر خەیاڵ.. واتە ئەوەی زمانی ڕۆژانە وزمانی ئەدەبی لێکدی جیادەکاتەوە ئەدەبیەتەکەی دەقی ئەدەبە، کە لایەنە ئێستاتیکیەکەی پێکدەهێنێت. تەوزیف و بەکارهێنانی خەیاڵ لە دەقی ئەدەبیدا دەکاتە دەرچوون لە مەداری ئاسایی زمان. بۆ ئەوەی زمان ببێت بە کارێکی ئەدەبی، یان ئەدەبیەت پەیدا بکات دەبێ پەنا بەرێتەبەر خەیاڵ. باشتر وایە هەر دەقێکی ئەدەبی، پێوەرەکانی ئەدەبییەت، کە کۆکەرەوەی فۆرمی هونەری ونێوەرۆکی خەیاڵیە لە یەکەیەکی یەکگرتووی هونەریدا، ڕەچاو بکات، بەو ئیحتوبارەی دەقی خەیاڵی ناچێتەوە سەر واقیعێکی دەرەوەی دەق، بەڵکو هەر هەموو ئەو شتانەشی کە لە واقیعەوە وەری دەگرێ، هونەریانە هەرسی دەکات و دەگۆڕێن بۆ ڕەگەزێن خەیاڵی. نووسینی ئەدەبی دەکاتە بۆچوون و خۆیندنەوەی هونەریی نووسەر بۆ واقیع، ئیدی ئەو خۆیندنەوە هونەرییە، لە فۆرمی بونیادێن زمانەوانیدا، کە بۆ خۆی هەڵگری دەڵالەتێن ڕەمزی و فیکرییە، دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، خوێنەریش لەلای خۆیەوە ڕاڤەی ئەو دەڵالەتانە دەکات و دەڵالەتی تازە پەیدا دەبن.. واتە خوێندنەوەی زیرەکانەی دەق، سەر لە نوێ دەقەکە بەرهەم دێنێتەوەو بەشێوەی هەمەجۆر و جیاواز شرۆڤەی دەکات و بە دەڵالەتەکانیا ڕۆدەچێ و لایەنە بێدەنگەکانی دەق دێنێتە قسان و ڕێڕەو و ئاراستە دینامیکیەکانی دەق کەشف دەکات، کە ئەمەش خوێندنەوەی هەمەجۆری، یەك دەقی لێدەکەوێتەوە کە لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی ڕۆمانی تازەدا، هاتە ئاراوە، لە ڕۆمانی تازەدا، بایەخێکی زۆر کەم بە کاراکتەر دەدرێ، تەنیا وێنەی هەندێ هەڵسوکەوتی قارەمان و هەندێ هەڵوێستی گۆنگی دێتە وێنەگرتن، کە ئەمە خوێنەر ناچار دەکات بە پشتیوانی هەندێك دەڵالەتان پەنابەرێتە بەر مەزەندە و مەزەندەکاری و ڕاڤەکاری بۆ گەیشتن بە ڕاڤەی ئەنگێزەی ڕەفتار و هەڵوێستی قارەمان و کاراکتەران.. ئەگەر کاراکتەر لە ڕۆمانی سوننەتیدا، دەیکردە پەیڤدار و زمانحاڵی ڕۆمانووس و نووسەر لە ڕێگەی ئەوەوە هزر و بیر و بارە دەروونییەکانی خۆی دەردەبڕێ و هەموو جوواڵە و کردار و تەنانەت پەرچەکردارە دەروونی و فیزیکیەکانی کۆنترۆڵ دەکرد، لە ڕۆمانی تازەدا ئەو دەورەی نامێنێ و دەبێتە بەشێك لە بونیادێکی گشتی، کە ئەویش خودی دەقەکەیە، ئیدی خوێنەر ئازادە لە ڕاڤە ولێکدانەوەی ئەو کار و کردەوانەی کە کاراکتەرەکان ئەنجامی دەدەن.. کاراکتەر لە ڕۆمانی تازەدا، کاراکتەر، لە نووسەر جیا دەبێتەوە و سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت و بە گوێرەی لۆژیکی تایبەتی خۆی، بەو ئیحتوبارەی ڕەگەزێکی هونەرییە و ناسنامە و تایبەتمەندی بونیادی و دەڵالی خۆی هەیە، ڕەفتار و هەڵس و کەوت دەکات. بۆیە هەر ڕاڤە و تەئویلێك، دەبێ زادە و هەڵقوڵاوی دەقەکە بێ و لە خودی دەقەکەوە وەکو بونیادێکی هونەری و دەڵالی، هەڵێنجرابێ.. هەڵبەتە پێویستە سووکە ئامازەیەك بۆ ئەوەش بکرێ کە ڕۆمانی تازە لە هەوڵەوە وەکو پێویست پێشوازی لێنەکراوە. چونکە نەك هەر کاراکتەری تەقلیدی و زەمانی کرۆنۆلۆژی حیکایەتەوانی ڕۆمانی، ڕەچاو نەکردووە، بەڵکو ڕەفزیشی کردووە؛ لە کاتێکا ڕەفزی کردووە، کە خوێنەر زۆر بە جدی وەکو دوو ڕەگەزی گرینگی ڕۆمان، ڕەوودەی بوون.. دیارە خوێنەر زۆربەی کات بەتەمای دنیایەکی ڕۆمانەوانی ئەوتۆیە کە دەگەڵ واقع و حەقیقەتی کردەیی خۆیدا تێکبکاتەوەو وەڵامی نیگەرانی ئەنتولۆژی وگۆنگیە فیکرییەکانی ئەمی پێبێت و لەزەتێکی ئێستاتیکی هونەریی قوواڵی پێببەخشێت. بەهەرحاڵ ڕۆمانی تازە هی سەردەمی گومانە کە لەم سەردەمەدا نە پاکی و نە بێ لایەنی نامێنێ، مرۆڤ دەمێ قوربانیە، دەمێ جەلادو میرغەزەبە..

بەهەرحاڵ ڕۆمانی تازە، ئامازەیە بۆ کۆمەڵێك نووسەر کە هەڵوێستی هونەریی هاوشێوەیان سەبارەت بە دژایەتی و ڕەفزکردنی بنەماکانی ڕۆمانی تەقلیدی هەبووە، ئەو ڕۆمانە تەقلیدییەی کە لە نیوەی سەدەی نۆزدەوە سەری هەڵداو کاریگەرییە ئەدەبی و هونەرییەکەی تا دەوروبەری دووەم جەنگی جیهان درێژەی کێشا.. بۆیە دوای ئەوەی مرۆڤی ئەوروپایی کارەساتی هەردوو جەنگی جیهانی وئاکامە وێرانکارییەکانیان بینی، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا پەیوەندی ئینسان لەگەڵ دنیادا گۆڕا. بۆیە دەبوا ئەدەبێکی تازە بێتە ئاراوە کە بتوانێ گوزارشت لە واقیعە تازەکە بکات.. کاراکتەر و لایەنی حیکایەتەوانی، لە ڕەگەزە هەرە دیارەکانی ڕۆمانی تەقلیدی بوون، کە لە کایەن پێشەنگانی ڕۆمانی تازەوە، دژایەتی دەکران، بەتایبەتی لەلایەن ئالان روب – گرییە و ناتالی ساروتەوە، کە پێیان وابوو ئەم دوو ڕەگەزە، تەواو سواون و توانای ئەوەیان نییە، لە باری هونەرییەوە وەڵامدەرەوەی ئەو ڕەوشە تازەیە بن کە ئینسانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تیایدا دەژی، بۆیە دەبوایە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ. ئیدی ڕۆمانی تازە مامەڵەیەکی هەندێ تەم و مژاوی دەگەڵ ئەو دوو ڕەگەزە و هەموو ڕەگەزە هونەریی و دەڵالییەکانی پرۆسەی ڕۆمانەوانی دەکات و ئیدی مەسئولیەتی کەشفکردنی ونگە و نهێنگەکانی ئەم سیستەمە گێڕانەوانییە تازەیە، دوای خوێندنەوەی دەقە ڕۆمانەوانییە تازەکە، دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١- صنعة الروايه، تاليف: پيرسى لوبوك، ترجمة عبدالستار جواد/ دار الرشيد للنشر/ وزارة الثقافة و الاعلام – الجمهورية العراقية، ١٩٨١.

٢ – د. حسين خمرى/ نظرية النص، من بنية المعنى الى سيميائية الدال، منشورات الاختلاف/ الدار العربية للعلوم ناشرون الطبعة الاولى، ٢٠٠٧ .

٣ – الرواية الفرنسية الجديدة/ الجزء الاول، تأليف نهاد التكرلى الموسوعة الصغيرة (١٦٦) دار الشؤون الثقافية و النشر بغداد/ الجمهورية العراقية ١٩٨٥.

٤ – دوره زبان شناسى عمومى/ فردينان دوسوسور/ ترجمه كورش صفوى/ انتشارات هرمس/ تهران، چاپ پنجم ١٣٩٥.

٥ – دەروازەیەك بۆ جیهانی چیرۆك و ڕۆمان/ حەمە کەریم عارف/ ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند/ ٢٠٢١/ سلێمانی.

٦ – حسب الله يحيى/ ذاكرة القراءة/ دار اراس للطباعة و النشر/ اربيل/ اقليم كوردستان/ الطبعة الاولى ٢٠١٢.

٧ – محمد داود/ الرواية الجديدة بنياتها و تحولاتها. الطبعة الاولى، ٢٠١٣، الجزائر/ دار الروافد الثقافية، ناشرون.

جەمیل بەشیر ..

ئەو موزیکژەنە سریانیەی سەدان گۆرانی بۆ هونەرمەندانی کورد تۆمارکردو دەیان ئاوازی کوردی ئەرشیف کرد

ئومێد نەجم

لەپەنجاکانی سەدەی رابردوو بەدواوە دەنگی زاڵ و دیاری مۆسیقا لەرادیۆی کوردی بەغدا دەنگی کەمان یا عودەکەی جەمیل بەشیر بوو. بەبێ بەکارهێنانی ریشە، عودی دەژنی و هەر دەپەنجەی بەکاردەهێنا و ئاوازی لێوە دەردەهێنا. زۆرینەی مەقام و گۆرانی هونەرمەندانی کۆنی کورد مۆسیقاکەی لەلایەن ئەووە ژەنراوە. تەنانەت لە ئاهەنگێکی عەلی مەردان بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە جەمیل بەشیر بەجلی کوردییەوە بەشداری کردو موزیکی ژەنی، لەکاتێکدا خۆشی کورد نەبوە، ئەو بە ئەندازەیەک عاشقی مۆسیقای کوردی بوو، کە ئاوازی چەندین گۆرانی کوردی لەسەر نۆتەی مۆسیقا نوسیەوە لەکتێبەکەیدا بلاوی کردەوەو رۆڵ خۆی هەبوو لە ناساندنی موزیکی کوردی، بەهۆی ئاشنابوونی بە هونەرمەندانی کورد خۆی فێری زمانی کوردیش کردبوو.

جەمیل بەشیر کێیە، بۆ پێی دەڵێن زەریابی دووەم؟

جەمیل بەشیر ساڵی ١٩٢١ لە شاری موسڵ لە دایکبووە، پەروەردەی بنەماڵەیەکی (سریانی) مەسیحی بوو، باوکی عودژەن بوو و لە هەمانکاتدا ئامێری عودیشی دروستدەکردو ئاوازەکانی کەنیسەی پێ دەژەنی، ئەمەش وایلێکرد لە منداڵیەوە مۆسیقای خۆشبوێ و حەزی فێربوونی موزیک چووە دڵیەوە، مونیر بەشیری براشی هونەرمەندو عودژەنێکی بەناوبانگ بوو.

لەماوەی خوێندنی پەیمانگای مۆسیقا لەنێوان ساڵانی١٩٣٩- ١٩٤٣ لەبەر توانای هونەری، مامۆستاکەی عودەکەی خۆی بەدیاری پێبەخشی و پێی وت تۆ خەلیفەی منی، ساڵی ١٩٤٣ بە پلەی ئیمتیاز بەشی مۆسیقای لە پەیمانگای هونەرجوانەکان (فنون جمیلە)ی تەواو کرد.

یەکێ لەو هونەرمەندانەی جێ پەنجەی بەسەر مۆسیقای رۆژهەلاتییەوە دیارەو لە داهێنانێکی هونەریدا وەتەر (ژێی) شەشەمی بۆ ئامێری عود زیادکرد، جەمیل بەشیرە، ئەو خاوەنی تەکنیک و ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆیەتی لە ژەنینی عودو بە خوێندنگەیەکی عودی عێراقی دادەنرێت، یەکەم کەسیشە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەئامێری عود موزیک و ئاوازی رۆژئاوایی بژەنێ، لەهەمانکاتدا کەمان (فیۆلین) کە خۆی ئامێرێکی رۆژئاواییە ئەو توانی بە هەستێکی رۆژهەلاتیانە ئاوازەکان بەم ئامێرە بژەنێ.

لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان جەمیل بەشیر توانی وەک کەمانژەن و عودژەنێکی بەتوانا لەمەیدانی هونەریدا خۆی نیشان بدات، زۆر لە عودژەنەکانی عێراقی سوودیان لە ئەزموون و بەهرەی ئەم هونەرمەندە ومرگرتووە، بە لێهاتوویی و سوکی پەنجەو خێرایی لە ژەندنی ئەو ئامێرە بەناوبانگ بوو، هونەرمەند و ئاوازدانەری میسری (محمد عبدالوهاب) لە ستایشی توانا هونەریەکەی وتویەتی « جەمیل بەشیر باشترین عودژەنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە».

چۆن بە موزیکی کوردی ئاشنابوو، چی پێشکەشی موزیکی کوردی کردووە؟

چیرۆکی ئاشنابونی جەمیل بەشیر بە مۆسیقای کوردی لەشاری موسڵەوە دەستپێکرد، کە بەهۆی سنورە جوگرافیەکەیەوە بەموزیکی شادی کوردی و ئاوازە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەی بادینان وەک (لاوک) ئاشنابوو، پاشان کە چووە رادیۆی بەغدا لەنزیکەوە هونەرمەندانی کوردی ناسی ئەوەندەی تر مۆسیقای کوردی چووە دڵیەوە و پێی کاریگەربوو، ئەو مرۆڤێکی ئەنتەرناسیۆنال بوو، هاوکاری زۆر لە هونەرمەندانی کوردی کرد کە دەهاتنە رادیۆی بەغداو بەرهەمیان تۆمار دەکرد.

بوە یەکێك لە دامەزرێنەرانی بەشی کوردی رادیۆی بەغدا و ئەو لە سەردەمێکدا خزمەتێکی بەرچاوی بە مۆسیقای کوردی کرد کە، مۆزیککار و مۆسیقاژەنی کورد کەم بوون، بەڵکو بە پەنجەی دەست دەژمێردران.

جەمیل بەشیر وەك موزیکژەنێك هاوکار بوو لە تۆمارکردنی چەندین گۆرانی بۆ هونەرمەندانی کورد وەك مامۆستا عەلی مەردان ، حەسەن جزراوی ، محەمەد عارف جزراوی ، نەسرین شێروان ، شەماڵ سائیب ، مریەم خان، ئەڵماس خان، تاهیر تۆفیق ، ڕەشۆڵ و ڕەسول گەردی. بەرهەمی هونەرمەندانی کورد لەرادیۆی بەغدا هەر هەمووی جەمیل بەشیر دابەشکردنی مۆسیقای بۆ دەکرد و خۆشی عود یا کەمانی دەژەنی.

شارەزای ئاواز و مۆسیقای کوردی بوو هەروەها چەندین پارچە مۆسیقای کوردی وەك (لاوك و کابوکێ و هەی نێرگز نێرگز) تۆمار کردووە.

جەمیل بەشیر ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوە و ناساندنی مۆسیقاو گۆرانی کوردی لە وڵاتانی عێراق و ئێران و سوریا و لوبنان و تورکی لەڕێی ئەو قەوانەکانی (چەقماقچی و عەشتارفۆن و بەشیرفۆن) کە دەیان گۆرانی کوردی تۆمار کرد.

بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتی موزیك دەچووە شارەکانی قاهیرەو بەیروت و مۆسکۆ و باکۆ و پاریس و مۆنتی کارلۆ، یەکێ لەو ئاهەنگانە ئاوازی گۆرانی (کابۆکێ) بە عودەکەی دەژەنێ بەهۆی ئەوەی ئەم ئاوازە کوردییە ریتمێکی شادی هەیەو دڵخوازی زۆرکەسە، دەبێتە هۆی سەرسامی ئامادەبوان و بە چەپڵەڕێزان پێشوازیان لەو بەرهەمەی کرد.

جەمیل بەشیر دوای هونەرمەند کۆمیتاسی ئەرمەنی، دووەم کەسە کە چەندین ئاواز و گۆرانی کوردی لەسەر نۆتەی مۆسیقا نوسیوەتەوەو لەکتێبەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە، کتێبەکەشی تا

سالانێکی زۆر سەرچاوەیەکی سەرەکی بو لەپرۆگرامی خوێندنی ئەکادیمیا هونەرییەکانی عێراق و تورکیا، بێگومان ئەو کارە هونەرییانەی جەمیل بەشیر خزمەتێکی بەرچاوە بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی.

پەیوەندی جەمیل بەشیر و هونەرمەندانی کورد

جەمیل بەشیر برادەر و دۆستی نزیکی هونەرمەندانی کورد بوو، زوو زوو دەهاتە بەشی کوردی رادیۆی بەغداو بەشداری دەکرد لە ئاهەنگی گۆرانی هەندێ لە گۆرانیبێژانی ئەوسا.
لەگەڵ قادر دیلان -یشدا برادەر بوون، وایان دەکرد گۆرانیەکان کەمێك بەلای ئاوازی کوردیدا بشکێنەوە و ڕەنگ و بۆی کوردی لێبێت، زۆرجاریش لە وەرزی بەهاردا بەهاوڕێیەتی شەماڵ سائیب دەهاتە کوردستان بۆ بینینی سروشتە جوان و دڵنشینەکەی.

ئەرشیفکردنی ئاوازە کوردییەکان

جەمیل بەشیر ساڵی ١٩٦١ کتێبێکی بە ناونیشانی (عود و ڕێگای فێربوونی . عود و گریقە تدریسە) دانا. ئەم کتێبە کە دوو بەرگە، ئەزموونی بیست ساڵی ئەو هونەرمەندە موزیکزانەیە لەکاری کردنی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.
بەهۆی گرنگی و بایەخی ئەو کتێبە لە مەنهەنج و پڕۆگرامی زانکۆ و پەیمانگاکانی مۆسیقایە لە تورکیا و عێراق و قاهیرە دەخوێندرێت.
جەمیل بەشیر لەکتێبەکەیدا ئاوازی چەندین گۆرانی کوردی و عەرەبی تێدا بەشێوەی نۆتەی مۆسیقا نوسیوە، ئەرشیف کردنی ئەو میلۆدیە کوردیانە کارێکی گرنگی ئەم مۆسیقارە بوو، کارێکی کرد لە فەوتان رزگار بکرێت و تا لەرووی زانستی موزیکیشەوە سودی لێوەربگیرێت.

ئەو گۆرانیە کوردییانەی کە جەمیل بەشیر نۆتەی موزیکی بۆ داناوە و لەکتێبەکەیدایە :

سابلاخ شارێکی خۆشە، ئەی باڵا بەرزی نەرم و شل ، لەو کەلە دەنگی ساز دێ ، دانە دانە ، کۆڵان بە کۆڵا ، هەوری لار ، بە یادم کە، ڕاستەی خیابان کە سەرجەمی ئەم گۆرانیانە ئاوازەکەی عەڵی مەردان داناوە.
کابوکێ و گۆرانی کراسێ تە مەلەسە.. هاوەرلێ جان و جان) بەدەنگی هونەرمەند محەمەد عارف جزراوی، مۆسیقاکەی جەمیل بەشیرەوە و لە کۆمپانیای چەخماقچی تۆمارکراوە.
ئامینێ نازەنینێ، ، هەی نێرگز نێرگز ، ئامنەی باڵا بەرز، خاڵەی ڕێبوار، ، ئامینێ و ئامین ، با بچینە سەر وەیس، بارانە، خاسێ تۆ خانمی، ئا لاوە لاوە گوڵی، نیوە شەو ڕابورد ، ، کافوکێ، ، هەی بەلار، کراس کودەری ئاوریشم، نەسرین دەمێکە، وەك قومری سەر باڵم شینە و دەیان گۆرانی تر.
جەمیل بەشیر دوای چەندین ساڵ لە سەرپەرشتیکردنی بەشی مۆسیقای ڕادیۆی بەغدا و تۆمارکردنی سەدان گۆرانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئاشوری بۆ هونەرمەندو گۆرانیبێژانی ئەو ڕۆژگارە، دانانی چەندین پارچە مۆسیقاو لە هەمانکاتدا پەروەردەکردنی دەیان موزیکژەن لەماوەی بیست ساڵی وانە وتنەوەی لەبەشی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لەسەر داوای خۆی خانەنشینکرا بەهۆی نەخۆشی و باری تەندروستیەوە وازیهێنا، ئەم هونەرمەندە لە ڕۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٧٧ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوەکان:

١- پاشکۆی ڕۆژنامەی (المدی) لەسەر جەمیل بەشیر ، ژمارە (٣١٩٣).
٢- نامەی (جونەید جەمیل بەشیر) کوڕی هونەرمەند بۆ نوسەر.

پێشانگا و نەریتەکەی

(٢-٢)

□ تاریق کارێزی

فێستیڤاڵ و بینالە

من لە سلێمانی و دهۆك و کفری، بە ناونیشانی فێستیڤاڵ و بینالە، نمایشی گەورەی هونەرم بینیوە، لەو نمایشانەدا بەرهەمی دەیان هونەرمەندی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش نمایش کراون. ئەم جۆرە چالاکییانە گەورە و دەگمەنن. خەرجییەکی زۆریان دەوێت، تیمی گەورە و خەڵکی شارمزای دەوێت، کە بتوانێت پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان لە شوێنانی دوور و نزیك بکات، بۆ ئەوەی زۆرترین بەرهەمی هونەری، بە ستایلی هەمەچەشن و لە هەموو جۆر و چەشنەکانی هونەر بگەن و لە فێستیڤاڵ و بینالەدا نمایش بکرێن. پاشان ڕێکخستنی چالاکییەکی گەورە کە دەیان تا سەدان هونەرمەندی شێوەکار تێیدا بەشدار بن، شارمزا و کەسانی خاوەن ئەزموونی قووڵی دەوێت، بۆ ئەوەی بەرهەمەکان پۆلێن بکرێن، شوێنی گونجاو بە هەر بەرهەمە دیاری بکەن، بە چەشنێك، ڕیتم و پۆلێنبەندیی تێدا ڕەچاو بکرێت، دیتن و تەماشا کردن بەرهەمەکان، چێژ بەخش و خۆش و بەتام بە ڕووی دەروونی میواناندا بکرێتەوە. جگە لە ئامادەکردنی شوێنێکی گەورە و شیاو بەو چالاکی و کەرنەفاڵە، سەرباری ڕاگرتنی نازی هونەرمەندانی بەشدار و میوانانی چالاکییەکە.

شوێنی کردنەوە

پەیوەست بە بڕگەی پێشووی وتارەکەمان، شوێنی کردنەوەی پێشانگا زۆر گرنگە. چەندی شوێنەکە بۆ هاتنی خەڵك ئاسان بێت، هێندە پێشانگاکە میوانی زیاتر دەبێت. ژیانی ئەم سەردەمە خەڵکی زۆر سەرقاڵ و کەفتەکار کردووە، هاتن بۆ پێشانگا و هەر چالاکییەکی هونەر و کولتوور و وێژە، ئەوە دەخوازێت من و تۆ لە کاتی ڕۆژانەی پڕ لە سەرقاڵیی خۆمان بپچڕینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بچینە پێشانگاوە. لێرەدا زەحمەتە شوێنێك بەردەست بێت، بۆ هەموو بینەر و میوانێك چون یەك ئاسان بێت، کەواتە لە نێو کۆمەڵێك شوێندا، هونەرمەند ئەو شوێنە هەڵدەبژێرێت کە بە گشتی و بۆ هەمووان گونجاو بێت. لێرەدا میوان و کەسانی هونەر دۆست و مریدانی دنیای شێوەکاری، دەتوانن بەرنامەڕێژی بکەن، مەرج نییە تاك تاك سەردانی پێشانگا بکەن، بەڵکوو دەکرێت ژووان ببەستن و بە دەستەجەمعی سەردانی پێشانگا بکەن. لە بری ئەوەی هەر کەسە بە ئۆتومبیلی خۆی، یان بە پاس و تاکسییەك بێت، کارێکی گونجاوە چوار و پێنج ژووان ببەستن و پێکەوە بۆ دیدەنیی پێشانگا بێن.

میوان

ڕەگەز و مەبەستی سەرەکیی کردنەوەی پێشانگا میوانە، ئەو (میوان) ئامانج و پاساوی کردنەوەی هەر پێشانگایەکە. کەوا بوو زۆر گرنگە بایەخ بە میوانی پێشانگا بدرێت. بە جوانی، لە شوێن و وادەی کردنەوەی پێشانگاکە ئاگادار بکرێتەوە. کاتەکانی کردنەوەی پێشانگای پێ بوترێت. هونەرمەندی خاوەن پێشانگاش زۆر گرنگە بە کاتەکانی کردنەوەی پێشانگاوە پەیوەست بێت. لێرەدا مەرج نییە ئەو (هونەرمەند) هەموو کاتێك لەوێ بێت، خۆ ڕەنگە هەر دەرفەتی ئەوەشی نەبێت بە درێژایی هەفتە تا مانگێك بەردەوام لە هۆڵی پێشانگا بێت. ئەوە زەحمەتە، بەڵام خۆ دەکرێت بە چەشنێك

بەرنامەڕێژی بکات کە لە کات و وادەی دیاری کراوادا، ڕژانە پێشانگا بە ڕووی میواندا کراوە بێت. ئەویش ڕژانە دانێك یان چەند کاتژمێرێك لە هۆڵی پێشانگا بێت. پێشوازیکردنی میوان بە ڕووی گەش و خۆش، دابینکردنی کەشی گونجاو لە نێو هۆڵدا، هاوین فێنك و زستان گەرم بێت، پاك و خاوێن بێت، جێی دانیشتن و پشوودانی تێدا بێت. تێکڕای ئەم شتانە یارمەتیدەرن کە هەواداراني هونەر لە هەردوو ڕەگەز و لە هەموو تەمەنێك، ڕوو بکەنە پێشانگا. جگە لەوەی هەبوونی لایەنی کەمی پێداویستی کاتی مانەوەی میوان، وەك دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و شتی دیکەی کەم خەرجی، زۆر پێویستە.

کۆڕ و سیمینار

هەموو کات ئەوانەی دێنە پێشانگاوە، خەڵکی هەمەجۆر و خاوەن پاشخانی هەمەجۆری هونەر و کولتوورن. لە نێویشیاندا هەیە بۆ یەکەمین جارە سەردانی پێشانگا دەکات. هەر هەموشیان مافی خۆیانە چێژ لە بەرهەمەکانی پێشانگاکە وەربگرن. بگەنە ئەو بڕوایەی، هاتنەکەیان بە فیڕۆدانی کات نەبوو. هونەری شێوەکاری ستاتیکایەکی کپ و بێ دەنگە، هەستی مەشق کردەی هونەری ڕەنگ و هێڵ و قەبارە، دەتوانێت بە تەواوی چێژی لێ وەربگرێت. هیچ کەسێك نییە، مەگەر بە دەگمەن، خۆڕسك خاوەنی سەلیقەی

خوێندنەوەی زمانی بێدەنگی ستاتیکای شێوەکاری بێت. کەواتە، جۆشدانی دەروونی هەوادارانی هونەر و پەرمێدانی چێژ و چەشەی ئەوان، پێویستی بە هاتنە دەنگ و قسەکردن هەیە. ئەمەش بە کۆڕ و سیمینار دەبێت.

لە کۆڕ و سیمیناردا مەرج نییە کێ قسە دەکات، مەرجئەوەیە لەهەر پێشانگایەکی شێوەکاریدا دەرفەتی قسە کردن هەبێت، ئەمەش بە گوێرەی کاتێك بێت کە لە فۆڵدەری پێشانگاکەدا دیاری کرا بێت.

دەکرێ بۆ هەر پێشانگایەك پتر لە کۆڕ و دانیشتنێك گرێ بدرێت. چۆنی خواستی گەیاندنی وتار و ڕوون کردنەوەی ڕەهەندی ستاتیکاییانەی پێشانگاکە بخوازێت، با ڕێ لەوە نەگیرێت کەسانێك هەبن قسەی لە بارەوە بکەن. ئەم جۆرە چالاکییە کە تا ئێستا لە نێو ئێمەدا نەبوومتە نەریت، بە بڕوای من پەیڕەو کردنی بە سوودێکی زۆر بۆ هونەری شێوەکاریمان دەگەڕێتەوە، دەبێتە بنەمایەك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بە جۆش هاتنی کەش و ژینگەی هونەرمان، خەڵکیش بە گشتی، سەلیقەی چێژ وەرگرتنی لە هونەر بەرز دەبێتەوە، تا ئەوەی وەك خواست و پێداویستێکی شایستە لێی دەڕوانێت، دواجار ئەمەش ڕێ بۆ ئەوە خۆش دەکات، خەڵك بیر لەوە بکاتەوە، لە بری کالای مردەی بێ ستاتیکا، بە تابلۆ و پەیکەر و سیرامیك و گرافیك، ماڵ و میوانخانە و شوێنکار و نووسنیگە و هەر دامەزراوەیەکی دیکەی خۆیان، بڕازێنەوە.

کرپنی بەرهەم

کەی مرۆڤ کالایەك دەکڕێت؟ وەڵام، من و تۆ و هەر کەسێکی دی، ئەو کاتە کالایەك دەکڕین، کە سوور دەزانین پێویستمان پێیەتی. هونەری شێوەکاری وەك هەر هەموو جۆرەکانی دیکەی هونەر، هێندە ئاسان خۆی بە دەستەوە نادات. بەهرە و خولیای قووڵی گەرەکە، ژیانێکی چڕ و پڕ و تەژی لە کۆششی پێویستە، ئەوجا

هونەرمەندی شێوەکار دروست دەبێت. دوای ئەزموونێکی پڕ لە کار و سیخناخ لە تاقیکردنەوە، ئەوجا هونەرمەند بە پێگەی بەرزی هونەر دەگات. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئێمە سەلیقەی کرپاری هونەر بەرز بکەینەوە. وەك لە بڕگەی پێشوودا باسمان کرد، کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی چێژ و چەشە وەگرتنی خەڵك لە هونەر، بەرمو ژوور ببەین. هەنگین، ئیدی خۆیان خولیای هونەر دەبن، لە هەر کوێ بەرگوێیان بکەوێت و بزانن پێشانگا کراوەتەوە، کاتی بۆ تەرخان دەکەن و دەچنە بینینی.

ئا لێرەدا ڕاستەڕێی پەیوەندیی بەرهەمداری نێوان هونەرمەند و خەڵك، بە زمانێکی دی، پەیوەندیی دروست و تەندروستی نێوان فرۆشیاری بەرهەمهێن و کرپاری ئاشقە هونەر، دێتە ئاراوە، بە دڵنیاییەوە بەدی دێت.

هونەر و بازرگانی

لە مەزادخانە (فرۆشگا)ی هونەر لە وڵاتانی ئەورووپا، زۆر جار دەبیستین تابلۆی فلانە هونەرمەندی شێوەکار بە ئەوەندە هەزار دۆلارە فرۆشراوە، تا ئەوەی تابلۆی هونەرمەندانی فرە ناوداری وڵاتانی ئەورووپا بە چەندین ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێت. بۆ کەسێك شارەزای هونەر نەبێت، ئەم سەودایەی پێ سەیر دەبێت. بۆ کەسێکیش هونەرناس بێت، دەزانێت گەوهەری هونەر ج پێگەیەکی هەیە، لە دڵەوە تەمەننای ئەوە دەکات کرپاری ئەو تابلۆ توحفەیە ئەو بووایە. مەبەستمە بڵێم، گەوهەری هونەر پێویستە ئاوێتە بە دنیای کرین و فرۆشتن بکرێت، ببێتە کالایەکی دەگمەن و بازرگانیی پێوە بکرێت. ئەمەش لە دوو لاوە قازانجی بۆ هونەری شێوەکاری و هونەرمەندانی هەیە. لە لایەك هونەرمەندی شێوەکار دەبێتە کەسێکی بەرهەمدار و کالایەکەی بەها پەیدا دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە هونەرمەند تا لە ژیاندایە، خۆی نەك خەڵکی دی، لە بەرهەمی بەهرەکەی بەهرەمەندە دەبێت، نەك ئەوەی دوای مەرگ و مردنی، ئەم و ئەو لێ بەهرەمەند بن. گەوهەرستانی هونەری شێوەکاری وای کردووە، لە هەموو شوێنێکی دنیاوەی خەڵك (سالانە نزیکەی ١٠ ملیۆن کەس) بۆ سەردانی لۆفەر بچن.

میدیا و ڕۆڵی

لە سالانی نێوان (١٩٩٧ تا ١٩٩٩) بەڕێوەبەری هونەری شێوەکاری بووم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. ئەوکات هێشتا کەناڵی ئاسمانی لە کوردستاندا نەبوون. شەش کەناڵی لۆکاڵی لە هەولێردا هەبوون، ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شێوەکاری، هەر (٦) کەناڵەکەمان بۆ پێشانگای هونەرمەندان بانگێشت دەکرد. ماڵی ئەوانیش ئاوا بێت، لە ڕۆژی کردنەوەی پێشانگاکەدا وێنەگر و پەیامنێری هەر شەشیان دەهات، کار بەوەش نەوەستا، کەناڵەکان فێر بوون ڕۆژی بەر لە کردنەوەی پێشانگاکە دەهاتن، بۆ ئێوارەی ڕۆژێك بەر لە کردنەوەی پێشانگاکە، ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلیان لە بارەی پێشانگاکەوە بڵاودەکردەوە، لەو ڕاپۆرتانەدا هونەرمەند و کەسانی شارمزا لە بارەی پێشانگاکەوە قسەیان دەکرد، وێنەگری کەناڵەکانیش لە گواستنەوەی گرتەی جوان و جوولەی ئەوانەی خەریکی گواستنەوە و هەڵواسین و دانانی بەرهەمەکانی پێشانگاکە بوون، ئەوپەڕی زیرەکی و کارامەییان دەنواند. ئیدی بۆ ڕۆژی کردنەوەی پێشانگا دەتبینی حەشاماتێکی یەکجار زۆر بۆ دیتنی پێشانگاکە دەهاتن.

ئەو قسەیەم بۆ ئەوە گێڕایەوە تا بڵێم، میدیا (سوشیال میدیاشی هاتووەتە پاڵ) ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەیە لە هاندانی خەڵك بۆ چوونە پێشانگا و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن لە وتار و ستاتیکای هونەری شێوەکاری. ئەگەر کەناڵەکانی میدیا بە ڕاپۆرت و فیچەر و هەواڵ خزمەتی هونەری شێوەکاری و چالاکیی شێوەکاری بکەن، بە دڵنیاییەوە زۆر ئەرێنی لە بەرژەوەندیی هونەرەکەدا دەشکێتەوە. هیچ زەحمەت نییە، دەبا تاقیی بکەینەوە و بزانین چ ئەنجامێکی گەشی دەبێت.

سەرنج: وێنەکانی ئەم بابەتە لە پێشانگای جۆربەجۆری هونەرمەندانی کوردستاندا گیراون.

میژووی ڕادیۆ لە کەرکوک

بەشی دووەم

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)

***ئەو ڕادیۆیانەی لەنێوان ساڵانی ١٩٩٧وە پەخشی خۆیان بەردەوامە :-**

لەدوای شەڕی (عێراق – کوێت) و کشانەوەی عێراق لە کوێت و ڕاپەڕینی سەرتاپای عێراق ڕووی دا ،کەزۆربەی شارەکانی عێراق و کوردستان لەچنگی بەعس ڕزگاریان بوو ،جۆرە ئازادییەك سەرتاپای ناوچەکانی گرتەوە ،کەکوردستان زیاتر کەوتە بەر ئەو ئازادییەو بەشێکی شارەکانی وەکو هەولێر ،سلێمانی ،دهۆك،زاخۆ، کەلار ،کفری بەتەواوەتی ڕزگاریان بوو ،کەئازادی ڕۆژنامەگەری بەهەموو بەشەکانییەوە سەر بەخۆییان وەرگرت لە هەموو لایەنی عیلمانی و ئیسلامی و سۆشیال دیموکراتدا.

گەلێك ڕۆژنامەو ناڵ و ڕادیۆیی جۆراو جۆر کرایەوەو پەخشیان دەگەیشتە کەرکوك و خورماتوو،داقوق ،خانەقین ،پردێ ،کەپەخشەکانیان لەناو کوردستانەوە دەوەشێنرا :-

***دەنگی یەکگرتوو – ڕادیۆی گەرمیان :-**

ڕۆژی هەینی لە ٢٥ی تەموزی ساڵی (١٩٩٧) ی زایینی ،بەناوی (دەنگی یەکگرتوو – ڕادیۆی کەلار)موە لەسەر شەپۆلی (AM) دامەزراوە ،لەو کاتەدا پەخشی پێنج سەعات بووە و پێنج کارمەندی هەبووە .

بەڵام لەئێستادا بەناوی (دەنگی یەکگرتوو – ڕادیۆی گەرمیان) موەیە ،بۆ ماوەی دوانزە سەعات پەخشی بەرنامەکانی خۆی هەیە بەزمانی کوردی و ڕۆژانە (٨)گەشتی هەواڵی هەیە ،لەپاڵ ئەمەشدا هەواڵی وەرزشی هەیە لە ڕێگای (٣١) پەیامنێری ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان .

لەئێستادا لەسەر شەپۆلی (FM) و لە ڕێگەی چەند تەقوییەکەوە و ئامێری پەخشەوە بەرنامەکانی بڵاودەکاتەوە

فریکیۆنسی (١٠٣٫٤-ZHM) دەزگای سەرەکی پەخشە و لە بارەگای سەرەکی ڕادیۆیە لەقەزای (کەلار) ،دەقەری گەرمیان بەهەردوو بەری ڕووباری سیروان و چەند قەزاو ناحییەکی پارێزگای دیالەو شارۆچکەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کەهاوسنووری گەرمیانن ڕووپۆشی دەکات .

ئەم ڕادیۆیە سەرپەرشتی کۆمەڵێك پرۆژەی خێرخوازی و خوولی پێگەیاندنی کادیری ڕاگەیاندن و پیشەیی و خوولەکانی زمان و هاوکاری ڕێکخراوو سەنتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کردووە .

***بەڕێوبەرەکانی (دەنگی یەکگرتوو – ڕادیۆی گەرمیان) :-**

- عەبدولوهاب موحەمەد عەبدولڕەحیم (١٩٩٧- ١٩٩٨)
- سالار یاسین (١٩٩٨-١٩٩٩)
- عەلی حاتەم ئەحمەد (١٩٩٩-٢٠٠٠)
- بورهان ئەحمەد مەحمود (٢٠٠١-٢٠٠٣)
- موحەمەد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٣- ٢٠٠٤)
- فەریق موحەمەد ساڵح (٢٠٠٥- تاکو ئێستا کە بەردەوامە) .

***کارمەندو ستافی ڕادیۆی گەرمیان :-**

عادل حوسێن قادر ،یاسین موحەمەد ئەحمەد ،بیلال سەعید فەرەج ،والی موحەمەد مەحمود ،ئازاد حەسەن کەریم ،ئەڵمان موحەمەد ،ئاراس موحەمەد ،ئاسۆ قادر ،سەباح عەزم عەزیز ،شەعبان ئەحمەد ،ئیفان عەبدوڵلا ،ئەحمەد ئەمیر ،هودا ،هونەر خەلیل ئەحمەد ،یەحیا مەحمود ،موحەمەد خەلیل ئەحمەد .

***خشتەی بەرنامە هەفتانەییەکان لەڕادیۆی گەرمیان :-**

١- تووێشوی ڕێ :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی پەروەردەیی بووە ،مەلا نەوزاد ئامادەو پێشکەشکاری بووە .

٢- پرشنگی بەیان :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی پەروەردەیی بووە ،مامۆستا تالیب ئامادەو پێشکەشکاری بووە .

٣- وانەیەك بۆ ژیان :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی فێرکاری و زمانەوانی بووە ،حوسێن ئەحمەد ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٤- با لە مامۆستا بپرسین :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی فیقهی بووە ،کە مەلا ساڵح بامۆبەرمیی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٥- چاوەڕوانی :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی بانگەوازی بووە ،یاسین موحەمەد ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٦- دۆستانی بەهەشت :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی بانگەوازیی ، مەلا ساڵح ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٧- یاساو کۆمەڵ :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی هۆشیاری بووە ،گۆران عەلی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٨- ژیاننامەی پێغەمبەر :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی بانگەوازی بووە ،عەدنان سەعید ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٩- هەوار :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی کۆمەڵایەتی بووە ،شەعبان کوڵەجۆیی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

١٠- پەلکە زێڕینە :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی هەمەڕەنگ بووە ،ڕۆژان عوسمان ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

١١- موسڵمانی بەهێز :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی بانگەوازی بووە ،سەید ئەحمەد ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

١٢- تەندروستی و ژیان :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی هۆشیاری بووە ، د. ئیبراهیم تۆفیق ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

١٣- ترافیك :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی ،فێرکاری شۆفێری بووە ،ئومێد کەیوانی ئامادەو پێشکەشکاری بووە .

١٤- گوڵشەنی خواستەکان :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی هەمەڕەنگ بووە ،ئامانج موحەمەد ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

١٥- باڵاپۆشی :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی بانگەوازییە ،تاریق هەمەوەندی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

١٦- گەشت لەگەڵ قورئاندا :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی پەروەردەیی بووە ،جەلال سەید موحەمەد ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

١٧- ڕازی دڵ :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی بووە ،کیفاح ئەحمەد ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

١٨- ژیانی پێغەمبەران :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی پەروەردەیی بووە ،ئیبراهیم وەلی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

١٩- کەشەوان :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی کۆمەڵایەتی بووە ،کاروان کەریم هەڵەبجەیی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٢٠- ساباتی هونەر :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی هونەری بووە ،هەریەکە لە کاروان حاجی ساڵح ،چنور سدیق ،ئامادەو پێشکەشیان کردوە

٢١- کۆمەڵگەی بەختەوەر :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی پەروەردەیی بووە ،یەحیا ئەمینی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٢٢- دڵتەنگ مەبە :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی پەروەردەیی بوو ،سەباحی کفری ئامادەو پێشکەشی کردووە .

٢٣- سەدای خووشکان :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی بووە ،حەیات موحەمەد عەلی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٢٤- فیقهی ئاسان :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی فیقهی بووە ،مەلا مەحمود تایشەبی ،ئامادەو پێشکەشی کردووە .

٢٥- تیشك :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی بانگەوازی بووە ،هەریەك لەگوڵاڵە پارمزانی ،شنۆ قادر ئامادەو پێشکەشیان کردووە .

٢٦- سەرنج :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی بانگەوازی بووە ،هەریەکە لە مەلا خەلیل ،عادل حوسێن ،ئامادەو پێشکەشیان کردووە .

٢٧- فێربونی ئینگلیزی :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی فێرکاری بووە، هەردی ڕەفعەت ئامادەو پێشکەشکاری بووە .

٢٨- خولەفای ڕاشدین :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی پەروەردەیی بووە ،هیوا مەحمود جاف ئامادەو پێشکەشکاری بووە .

٢٩- ڕێبەری قوتابیان :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی پیشەیی بووە ،گۆران لەتیف ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٣٠- بیروباوەڕی موسڵمان :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی پەروەردەیی بووە ،ئیبراهیم وەلی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٣١- سکالا :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە ،والی موحەمەد مەحمود ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٣٢- فەرموودەی قودسی :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی پەروەردەیی بووە ،حاجی کاروان ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٣٣- وەك خۆی :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی سیاسی بووە ، عادل حوسێن قادر ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە

٣٤- دیدار :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی پەروەردەیی بووە ،هەریەکە لە هێمن حەمید ،مەلا خەلیل شارەزووری ئامادەو پێشکەشیان کردووە .

٣٥- لەگەڵ پێغەمبەران :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی بانگەوازی بووە ،مریەم کەرکوکی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٣٦- جریوەی منداڵان :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی منداڵان بووە ،هودا ئەمیر ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٣٧- بەڕای تۆ :-
بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی سیاسی بووە ،چالاك عەبدولباقی ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٣٨-ووتاری هەینی :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی بانگەوازی بووە .

٣٩- لەسایەی قورئاندا :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی بانگەوازی بووە ،مامۆستا قاسم ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

٤٠- ڕەوانشووناسی :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی کۆمەڵایەتی بووە ، د. محێدین موحەمەد خانی ،ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە

٤١- شیعرو موناجاتی هەینی :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی هونەری بووە .

٤٢- ئاوابوون :-
بەرنامەیەکی تۆمارکراوی هونەری بووە ،خەنسا حەمە کەریم ،ئامادەکارو پێشکەشکاری بووە .

گەڕەکەکانی کەرکوک لە روانگەی میژووەوە

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)
بەشی حەڤدەیەم

گەڕەکی پیریادی:

گەڕەکی پیریادی دێرینترین گەڕەکی کەرکوکە، کە لە سەرەتاکانی ئەوبەری قەڵاوە ئاوەدان کراوەتەوە و خەڵکی کۆچیان بۆی کردووە و بووەتە گەڕەکێکی فراوان، و ئاقارێکی گەورەی لە خۆی گرتووە و جێگەیەکی دیاری لەوبەری خاسە و قەڵا لە خۆی گرتووە و بۆتە گەڕەکێکی بازرگانی و ئاینی و کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر و هەمەڕەنگ.

بنەڕەتی ناوەکە هاوپەیوەستی پیریادییەکانی لای چەمچەماڵە کە لەو گوندەوە کۆچیان کردووە و لەو گەڕەکەدا نیشتەجێبوونە، بۆیە بنەڕەتی یەکەم ماڵ بۆ ئاوەدان کردنەوە، لەوانەوە دەستپێکردووە، پیریادییەکان کاروانیان بۆ کەرکوک کردووە و بە پیریادی مووسەوی کە ئێستا بەشێکیان ماون، جیاوازییان هەبوو لەگەڵ چەشنی خانووەکانی دیکەی کەرکوک، بەوە دەناسرێتەوە کە بنچینەی خانووەکانیان بە بەراوورد لەگەڵ خانووی موسڵمان بەرزترە و نەخشی تایبەتی تێدا بەکار هێنراوە، کە زیاتر لەسەر تەرزی هونەری بیناکار و نەخش و نیگاری جوولەکەکان بنیات نراوە.

ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکی پیریادی لە ساڵی ١٩٤٧ی زایینی بریتی بووە، کە ژمارەی خێزان لە گەڕەکەکە ٨٩٣ خێزان بووە کە دابەش بۆتە سەر یەک خێزان لە خانوویەکدا. گەڕەکی پیریادی لەبەر ئەوەی نزیک بازاڕی گەورەی شار بووە، بۆیە خواست لەسەر نیشتەجێبوون لە گەڕەکەکە زۆر بووە، خەڵکێکی زۆریان تێ خزیووە، هەروەها کۆچی کورد لە گوندەکانی دەوروبەری دەوری هەبووە لە فراوان بوونی ئەم گەڕەکە، لەبەر ئەمە بە نا سروشتی گەشەی کردووە و کەڵەکە بوونێکی زۆر دروست بووە، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا رێژەی پیاو زیاتر بووە لە ژن لە جیاوازی ١٨٣ کەس، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ی زایینی رێژەکە زیاتر بووە.

لە گەڕەکی پیریادی چەند مزگەوتێکی بەناوبانگ و کۆنی تێدا بوو لەوانە: مزگەوتی پیریادی، ئیمامەکەی مەلا ئەحمەدی مەلا حەکیم بوو، مزگەوتەکە ناسرا بوو بە مزگەوتی مەلا عابید کە لە ڕەگەزدا جوولەکە بوو ژێنێکی کوردی پیریادی بە خێوی کردوو و پاشان بووە ئیسلام و ژنی نەهێنا بوو، هەر لە مزگەوتەکە دەژیا.

مزگەوتی مەلا عەزیز پیریادی، لە ناوەڕاستی گەڕەکی پیریادی بوو، کە مەلاکەی لە گوندی پیریادی چەمچەماڵەوە هاتبوو، ئەم مزگەوتەیان بۆ دروست کردبوو، بەڵام ئێستا مزگەوتەکە نەماوە.

مزگەوتی منارە نەخشینە کە مزگەوتێکی زۆر کۆن و دەوڵەمەندە کوردەکان دروستیان کردووە.

مزگەوتی مەلا ڕمزای واعیز لە پشت گەڕەکی پیریادیەوە بوو، ئیمامەکەی مەلا ڕمزای واعیز بوو کوڕی نورمدین واعیز بوو بابە زمنون، بایپرە گەورەی پیرادییەکانە کە لە دەوری ١٥٠٠ ـ ١٥٥٠ی زایینی لە دایک بووە، لەسەرمتادا لە ناوچەی بازیان کە پێی وتراوە بەرتەکیە نیشتەجێ بووە و لە دواییدا هاتۆتە چەمچەماڵ و لە هەردوو گوندی پیریادی، مۆفەر دەستی کردووە بە بلاوکردنەوەی بیروباوەڕە ئاینیەکە و دوو مزگەوت یان شێوازی بنیاتنانی خانووەکانی بەشی زۆری پێکهاتووە.

تەکیەی گەورەی دروست کردووە بە قوور و خشت. هەر بۆیە لەو شوێنەی کە لە چەمچەماڵ نیشتەجێ بوونە لێی پێی وتراوە پیریادییەکان. نیشتەجێ بوونی پیریادییەکان چەندەها هۆکاری ئاینی و مێژوویی و ئابووریی و جوگرافیای خۆی هەبوو لە کەرکوک کە بریتیە لە: هەوڵدان بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەیان پێویستی بە شوێن و پێگەی تر هەبوو تا هەستە ئاینیەکانیان فراوان بکەن.

بژێوی ژیان و کەم دەرامەتی و نزیکی چەمچەماڵ لە کەرکوک هۆکارێك بوو بۆ کارکردنیان لەو شارە و لەدواییدا نیشتەجێ بوون تێدا و کردنەوەی مزگەوت و تەکیەی تر بۆ بلاوبوونەوەی بیروباوەڕەکەیان لە کەسایەتییەکانیان لەو ناوچەیە بریتی بوو لە سەید کەریم سەید حوسێن، مەلا سەید عەلی پەنجاعەلی، مەلا محەمەد پیریادی، حەکیم کوڕی سەید مستەفا، حوسێن کوڕی سەید حەسەن، حوسێن کزڵە کوڕی سەید عەبدولڕەحمان، حاجی نەجمەدین، سەید نوری سەید عومەر، سەید گەنجۆ پیریادی.

گەڕەکی (جەلالی):

یەکێکە لەو گەڕەکانی کە تایبەتمەندی هۆزێکی کوردی پێوە دیارمو خاوەنی شارستانی خۆیانن و پاشماوە مێژوویی و کەلتوورییەکانیان گەواهی و ڕاستی فراوانی ئەم هۆزە دەدەن لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا کە بەشێکیان بەگەلاڵی و بەشێکی تریان کە لە کوردستانی باکوورو کەرکوک نیشتەجێ بوون بە (جەلالی) ناوبانگیان دەکردووە.

ئەم گەڕەکە هاوسنووی گەڕەکی بەگلەر و گەڕەکی ئەڵماس و گەڕەکی ساری کەهیەو گەڕەکی شاترلوە، خاوەنی مزگەوت و زانانی ئاینی و مەدرەسەی ئاینی و گەرماوی تایبەت بە خۆیان بوون لەو گەڕەکەدا.

لەسەردەمی سوڵتان (یاوز سەلیم)ی یەکەم لە (١٤٦٧ ـ ١٥٢٠)ی عوسمانیدا لە شارۆچکەی (تورجال) لە نزیکی (تۆقان)ەوە لە تورکیای ئێستادا جەلال ناوێك گوایە لافی بە (ئیمام مەهدی)ی بوونی لێداوەو خەڵکێکی زۆری لە خۆی کۆ کردووتەوە و گیرو گرفت و کێشەی زۆری بۆ عوسمانی بەرپاکردووە. کە لەبنەڕەتدا ئەمانە کورد بوونە لەو دەڤەرەدا. دواتر ووشەی (جەلالی) دەبێتە ناو و زاراوەیەك بۆ هەر کەسێك کە دژی دەوڵەتەتی عوسمانی یاخی بووەتەوە.

ئەم یاخیبوونەی جەلالییەکان وا ئاگرو هەرایەکی وەهای ناوەتەوە کە پایتەختی دەوڵەتی هەرە مەزنی دنیای ئەو سەردەمەی عوسمانی هەژاندووەو خستوویەتیە مەترسییەوە.

ئەم بنەماڵەیە بەپێی ئەو باس و خواسانە بەشێکی لە پاشماوەی ئەو شەڕو شۆڕانەی جەلالییانی سەردەمی ئەوسای عوسمانی دوای شکست خواردنی جەلالییان لەسەدەی شانزەدا کۆمەڵێك لەمانە پەنا دەبەنە بەر شای ئێران و دواتر لە ناوەڕاستی هەر ئەم سەدەیەدا نزیکەی ٥٠٠ سەد خێزانێك لەمانە لە سنوور پەڕیونەتەوە و هاتوونەتە ناو خاکی عیراقی ئەمڕۆ بەشێك لەمانە لە شاری کەرکوکدا نیشتەجێ بوون و بەم شێوەیە دەبنە یەکێك لە بنەماڵە هەرە گەورە و بەناوبانگەکانی شارەکە.

کەسایەتی بە هێزو ناوداری زۆریان بووە وەکو: عەلی بەگ و سابت بەگ.

لەسەر دەروازەی گۆڕستانی ئەم بنەماڵەیەدا نووسراوە کە لە ساڵی (١٦١٣)ی زایینیدا دامەزراوە، کە دەکەوێتە نێوان (حەمام عەلی بەگ)و (مزگەوتی عەلی بەگ) موە ئەم عەلی بەگی جەلالییە یەکێکە لە کەسایەتییە کۆنەکانی ئەم گەڕەکە، کە کابرایەکی پیاو چاك و دەستڕۆو بەدەسەلات بووە کە دامەزرێنەری حەمام و مزگەوتی جەلالییەکانە لەو گەڕەکەدا.

گەرماوی عەلی بەگ یەکێکە بیناکارییە جوانەکانی ئەم گەڕەکە، کە لە دوای پرۆسەوە ڕووخێنراوە، کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٢٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە، گەلێك جار نۆژەن کراونەتەوە، بەڵام دەستکاری تەرزی بیناکارییە کۆنەکەی نەکراوە.

حەمامەکە لە دوو گوومەزی گەورمو ڕارمو، کە ئاو دەستیان لە نێواندا هەیە، گومەزی یەکەمیان بۆ چوونە ژوورمو جل دانان دروستکراوە، لەوەی دووەمیان گەورمترو گومەزەکەی بڵندترە.. لەلای چەپی دەرگای چوونە ژوورمودا جێگا بۆ حەمامچی و دۆڵابێك تەرخان کراوە، بە دەوروبەری گومەزەکەدا لە پاڵ دیواردا، دەوران دەوری سەکۆکە بۆ دانیشتن و حەسانەوەو جل گۆڕینی، کە لەسەرموەی سەکۆکەشی چەندین جێی جل هەڵواسین بە دیوارەکەوە هەیە.

جاران لە ناوەڕاستی گومەزەکەدا حەوزێکی گەورەی ئاوی ئاسایی لێبوو کە ئێستا نەماوەو لە جێیدا سەکۆی دانیشتنی دیکە دروستکراوە.

مزگەوتی عەلی بەگ بەگشتیی مزگەوتێکی کۆنی گەڕەکەیە، هەروەها گۆڕێکی کۆنی تێدایە کە لەسەری نوسراوە لە ساڵی (١٩١٨) شەهید بووە، کە ئەمەش بەڵگەی کۆنی مزگەوتەکەیە، مزگەوتەکە پێشتر لە پشت حەمامی (عەلی بەگ) بووە کە چەند مەترێك لەو لاتری ئەم جێگەیەی ئێستایەتی، مەلا حەسوونی کۆڵەمەن ماوەیەکی زۆر لەلای مەلا عەلی فەتحوڵڵای ئیمام و خەتیبی مزگەوتی عەلی بەگ لەم گەڕەکەدا خوێندویەتی.

لەسەردەمانێکدا ئەو زمویانەی گەڕەکی ئەڵماس لەو بەرو ئەوبەری هێڵی شەمەندەفەرەکە باخ بووە لە مولکی جەلالییەکانی کەرکوك بووە تا دەچێتە کۆتایی گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵڵا.

لەم گەڕەکەدا گەلێك هونەرمەند و نووسەرو کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری گەشەیان کردووە و بوونەتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە خزمەتی کەرکوکدا لە نمونەیان ئەحمەد تاقانەی هونەرمەندو نووسەرو شاعیر و گۆرانیبێژو مەقامزان سابیر کوردستانی.

دە هەناسە شیعر



هێدی گەلاڵی

بارانی ئەوین
نمە بارانێکی خۆشەویستی بووم
هێور هێور
پێدەشت و بناری ئەوینتم تەڕ دەکرد و
بەردەوامی ژیانم پێ دەبەخشی
وەرزی وشکە ساڵی عەشقت
بۆژایەوە
سنەوبەری باڵات کاژی تازە و
گەڵای سەوزی دەرکردەوە
بەرهەمی ساڵەهای ئەفێندارییمان
کێڵگەیەکی پڕ لە عەشقی
دروستکرد

کلۆم
ژووری دڵ ؛دەرگا والایە
بۆ هاتنە ژورەوەت
بەنجەرەکەی کلۆم دراوە
بۆ چونە دەرەوەت !!

عەدەسە
لە دەرمانخانەکەی نزیک
ماڵی خۆمان
کچێکی سپی پۆش دەبینم
بێ ئەوەی یەك حەبیشی لێبکڕم
بێ پشکنین
بە عەدەسەی نیگای چاوی
وێنەی دڵ و
هەستی گرتم!

بروسکە
لەو ڕۆژەوەی
خانمی پەرستار
زەختی گرتم
بە لێدانی پەنجەی نەرمی
ترپەی دڵم خێراتر بوو
دڵە کوتەی پێکردم

تارمایی
بینیم تارمایەك...
بەسەر شانتا بڵاوە
وتم ڕەنگە !
ڕەشماری بێ...
بە ملتا ئاڵاوە
نەمزانی ؟
هەر بەڕاستی
پرچی خاوتا وا بڵاوە

کەمامە
نیگای چاوەکانت پێمدەڵێن؛
لە ژێر کەمامەکەتا
نوقلێکی شیرین و
دوو لێوی سوور و
زمانێکی ناسك هەیە!

چەتر
بۆئەوەی گەرمای خۆر لێت نەدا؛
تەواوی ڕۆژەکانی هاوین
لەگەڵ خۆتا هەڵمگرەو بمکە بە چەتر
بەسەرتەوە!
تۆ لەگەڵم بیت؛
گەرمی خۆر دەبێتە تافگە
تارمایی شەو دەبێتە تریفەی مانگ !
سەراب دەبێتە بەفر!

هەڵگەڕانەوە
بۆ دواجار مالّئاوایت لێدەکەم ؛
وەك ئەو پێشمەرگانەی
لە شاخدا لەخەمی خاك سەریان نایەوە!
وەك ئەو سەربازانەی بە کۆمەڵ دەکوژران و
لە گلکۆی ونا بێکەس مانەوە!
خوا حافیزیت لێدەکەم
وەك ئەو بەڕێرسانەش لە شاردا بونە
دەستەڵات
هەڵگەڕانەوە ...
شەقیان لە خەباتی شاخ و
مەعارەزەبوونی خۆیان دا !!

دایك
لە وێستگەی یەکەمی ژیاندا
کە چاو دەکەیتەوە ؛
ڕووی گەشی ژنێك دەبینیت
چاوی پڕە لە بەزەیی ...
پیرۆزی ژنێك دەبینیت
تەژییە لە مبەرەبانی
لە ناخیشەوە دڵێك دەبینیت
پڕە لە سۆزو میهر ...
لە بەخشندەیی
لە خۆشەویستی...
کە چاو دەکەیتەوە؛
لە ئامێزی گەرمی ژنێك
هەست بە ئارامی دەکەیت و
یاری بە پەنجەو مەچەکە
سپی و ناسکەکەت دەکات.
کە گەورە بوویت
رامانێك دەکەیت و دەڵێیت ؛
خۆزگە منا دەبووماوە
لە ئامێزی گەرمی ژنێك
لە ئامێزی گەرمی دایك
دەبووم.....

تابلۆی سروشت

سەمای گەلای دارەکان و
هاژەی تافگە
دڵۆپە زیوینەکانی
ئاوی سازگار
نەغمەی بولبوول
جریوەی پاساری و
قاسپەی کەوی گوێی ڕووبار و
بریسکەی ئەستێرەکان
لە ئاسمانی مانگەشەوێکی
ڕوونی زیویندا
ئەو ناوەی هەموو تەنیووە...
ئۆرکسترایەك لە سەدا و سەمفۆنیای
دروستکردبوو.
چەند دڵگیر و دڵڕفێنە ؛
دیمەنی سەوزایی ئەو درەختە بااڵ
شەنگانە لە کەنار ئەو چەمە ڕوون
و بێگەردەدا دەشەکێتەوە..
چاو: بە بینینی ئەو دیمەنە ڕەنگ
سەوز و زیوین و ئاڵتوونیە تەژی دەبێ
لە ڕوانین و ڕامان.
دڵ ؛ هەستێکی ناسك و پڕ لە
بەرائەت داگیری دەکات و گەش و
گەشتر دەبێتەوە...
دەروون ؛ ئارامی و هێمنی دەبێتە
میوانێکی ڕەزا سوك ئاسوودە
دەبێت....
جەستە ؛ خاو خاو خۆی دەنوێنێ و
لۆکە ئاسا بەرجەستە دەبێت.....
هەموو هەستە ناوەکی و
دەرەکیەکان لە ماڵی عەقڵدا جێی
خۆیان دەکەنەوە....
دواجار عەقڵ و لۆژیك فەرمانڕەوایی
هەموو هێز و هەستەوەرەکان
دەکات.
ئەوکاتە مرۆڤێکی ناسك بە قەد
باڵی پەپوولە
بێگەرد وەك منااڵی ساوا
لە بەرائەت و بێدەنگیدا
ژیان دەکات .

نامە

ڕازێك.. لەگەڵ دایکم

سەلمان شێخ بزێنی

کە ئێواران دەنوم وادەزانم سبەی دێیتەوە
کەچی ڕۆژەکان ڕۆیشتن و هەفتەو مانگ و
ساڵە کانیش تێپەڕین...
هەرچاو لە ڕێم بێیتەوە،
لای تۆم چۆل و هۆڵ، خەیاڵ پەرشو بڵاو...
کوێت بۆ بگەڕێم؟
ئەم سپێدەیەش هەڵدەستم و
دەرگای ژورەکەم دەکەمەوە،
لە ڕێڕەوەکە چاو لە پێڵاوەکانت دەگێڕم...
دەرو ژورمە، سەردەهێنم و سەر دەبەمەوە،
لە گۆشەی کانتۆرەکە دەڕوانم،
سەرپۆش و کەوا کەت بەدارەوە نابینم...
چۆن ئاوا بێتۆ بیگوزەرێتم
دایکە... تا کۆتایی ژینم؟.
خەریکە هەستەکانم دە پوکێنەوە...
ئاخر نە بۆنت...
نە دەنگت نە ڕەنگت،
نە سەرنانە سینەی گەرمت،
نە دەستاوی بە چێژت ماڵ،
نە سوکنایی بەسەر ڕوحمانەوە،
نە پەندو ئامۆژگاریت
نە پیاڵە چای حەسانەوە.
چی بە هەستی شەشەم دەکرێت...
نە مانگی چواردە لە ئاسمان
وێنەی تافی تۆم نیشانەدات،
نە تافگەو ڕوبارو باران
رازو نیازت ئەدرکێنێت،
نە شنەی بای بەیانی
بۆنی تۆم بۆ دەهێنێت،
نە هەنگوینی کەژو کێوان
نان و چایەکەی...
بەیانیانی تۆ دێنێت.
وتم ئایا دەشێت وا ڕێکەوێت...
لەم نەومو بنەماڵەمانا
دوبارە لە دایك بیتەوە؟
ناڕاستەوخۆ...
لە نێو خانەوادە کەمانا دەرکەویتەوە؟
یان لە شێوەی کۆترە شینکە یەك،
یان کۆرکوختیەك بێیتەوە...
لە ناو تاقی بەر هەیوانا
هێلانە چێ بکەیتەوە؟.
بۆ ماڵەکەی خۆت بێیتەوە؟.

في الذكرى(١٥) لرحيل رمز الأدب التركماني
الشاعر الدكتور عبداللطيف بندر أوغلو

□ الدكتور فاروق فائق كوبرلو

صادف يوم الثاني من شباط الذكرى الخامسة عشرة لرحيل الشاعر التركماني د. عبداللطيف بندر اوغلو .. وفي هذا السياق كتب الاديب الدكتور فاروق فائق كوبرلو من خلال كتابه الموسوم (الشعر التركماني العراقي في المهجر) دراسة عن هذا الشاعر الكبير جاء فيه :-

د. عبداللطيف بندر اوغلو من مواليد ١٩٣٧ طوز خورماتو / كركوك ، اكمل دراسته الابتدائية والمتوسطة والثانوية في قضاء طوز خورماتو ، درس في معهد التدريب الصناعي لشركة نفط الشمال / معهد النفط بكركوك حاليا ، ولم يواصل دراسته اذ فصل لاسباب سياسية عام ١٩٥٦ لاحتضانه الفكر اليساري ، في العام ١٩٦٥ غادر العراق وذلك لتدهور الظروف السياسية وتنقل في بلدان كثيرة منها (اثينا ، يونان ، بلغاريا ، صوفيا) وعمل في حقلي الصحافة والاذاعة في فترة بقائه في المهجر ، في العام ١٩٧٠ عين مدير للارشاد في المنطقة الشمالية ، وبعدها مديرا للثقافة التركمانية في وزارة الثقافة والاعلام ، ورئيسا لتحرير جريدة يورد (الوطن) لمدة ٢٥ سنة ، عضو اتحاد اتحاد ادباء الاذربيجانيين ، وعضو فخري للمجلس العلمي لمعهد الاداب في اذربيجان ، عمل بعد حرب الخليج مديرا لوكالة اناضول التركية في بغداد اكثر من ٧ سنوات ، احيل على التقاعد بناءا على رغبته ، في العام ١٩٩٢ منح شهادة الدكتوراه الفخرية في الادب واللغة عن جامعة باكو تقديرا لاسهاماته الفاعلة في حقول الإدب والثقافة والمعرفة ، اصدر (٤٢) كتابا في المجالات الثقافية ، ومن ضمن الكتب ٩ منها باللغة العربية ، في العام ٢٠٠٥ تعيين مستشارا في ديوان رئاسة الجمهورية ، في العام (٢٠٠٦ - ٢٠٠٨) تعيين وزيرا للدولة في اقليم كوردستان ، اصيب بمرض عضال لم يمهله توفي في احدى مستشفيات عمان بالاردن في ٢شباط ٢٠٠٨ ودفن في بغداد .

*** تجربته الشعرية**

بداياته الثقافية كانت مع كتابات و اسطار (ناظم حكمت) و (لوركا) و (ارغوان) سيرته لا تخلو من اشارات ضبابية والتي تطفح نقاطا في حروفه ولا يتخلص من اتهامات صارخة برغم الاختيار الحر للفكر او ما تود النفس من معتقدات .. نعم كانت بداية قاسية وتركت آثارا مؤلمة في اخاديد الروح والشر .. نعم لقد كانت الدوافع طبيعية لاحتضان افكار وقصائد ناظم حكمت دون ان يكون هذا الفكر رافدا حقيقيا يصب في راس الشاعر او نفعا متدفعا في سيرة دربه انه كان محبا لوطنه وقومه ولغته ، لم ولن يتنازل من حقه التركماني المسلم ، وكان له دور فاعل في تطوير الحركة الثقافية التركمانية في العراق ويجد بينه وبين المنفنيين فرقا شاسعا من حيث وطنيته الجامحة .

بيني وبين المنفيين الواقفين
على ابواب (صوفيا)
حتى الآن لم افقد جواز سفري العراقي ...
فهو يختلف ويظل على هذا الاختلاف في العودة
الى الوطن ويحلم باليوم الموعود وبالدرب
المنشود والهواء اللطيف حين يقول :

سإنتظر إن يمر من إمام ناظري
مثل هبوب النسيم ... رائحة تراب الوطن
سإستيقظ من النوم ... مرددا
كركوك - طوز خورماتو - بغداد وطني .

في العام ١٩٤٦ إخذ يكتب بعض القصائد على إوزان الهجا وثم على كتابة شعر الحر ، وبعد لغته الإم التركمانية حبا الى درجة التقديس بل هي اسلوب في جسر انغامه ووتر في كل ويغني فيها يقول :

لغتي ...
لو إحترقت وصرت رمادا
وعدت
لو احرقتني النار ... مرات ومرات ... ومت
لا ... لا ... لن إنسى لغتي
التي بها إحياء وحييت
(الخويرات) سفر لا يرتوي منه شاعرنا ولا إي شاعر تركماني وتكاد تكون سمة طاغية معظم شعرنا التركماني ففي إنشودة (لغتي) تعود هذه (الخويرات) مرة اخرى لتسكن روحه الوامقة التي بدونها لا يدرك معنى الحياة .

يا موجة دائمة في عروقي
يا شمس العصور في كياني
لغتي في لغتك ... ويداي بينك
فلترفع من المحيط إغنية حب ولسمع الخويرات
و (بياتي) ...
نعم عبداللطيف بندر إوغلو شاعر عرفه جمهوره الخاص داخل القطر وخارجه وانصت اليه آذان واعية من اصقاع و امصار وطإنها إقدامه
يوم طاردته عيون فإمطتى صهوة الهجران والمنفى ليعاني مشقة الطريق وقلة الزاد وفقد اريج الوطن والمإوى ، انه الشاعر الذي ادمت قلبه حكايات المنفى والمهجر ولوعة الفراق وعذاب الهجر يوم السنين العجاف بين عواصم الاغتراب ومدن الوحشة ، وبعدما استقر موازين السياسة ومقاييس العصر فاستعرت في جوفة النيران وهو يترك طوز خورماتو وكركوك كرها دون ارادته :

مثلما يلقي السفينة مرساتها
رميت بنفسي خارج الوطن
طفوت كالإسماك المسمومة
مثل طفل مستاء
عبرت من قطر الى قطر
انا الآن في إراض
إفتش بحسرة عن شمسي وطني؟!
عبراتي جفت في العيون
فإنا من(آقصو) ارتويت.
مضى العمر ... وتعبت
وذكرى الحياة ... تبقى ... وتذكرت
اثينا / نيسان / ١٩٦٤

فهذه هي الهوية العراقية التي تميز شاعرنا على الآخرين وتقوي من شإنه وشكيمة موقعه وتشد من عزمه من خلال شاعر ثائر هادف وصاحب رسالة في الادب والحياة ويعتبر من اوائل المنفيين ودشنت قصائده في المهجر في صوفيا ١٩٦٢ .

وفي العام ١٩٦٥ كتب قصيدة بعنوان (رسالة الى زوجته)

انتظريني ... بلا ... ملل ... بعينيك المفعمتين بالآمال
سإرجع وفجرا ... حين تلامس الرياح الخفيفة الباب
سإعود مع قهقهات الإطفال
مع خيوط الشمس المنسابة الى الغرفة .

*** نماذج من قصائده**

حتى في منفاي
تتعبقي عيون الذئاب
وخبزي ... ومائي ... ويقظتي
في افواهها ... خبزي في افواه الذئاب
***
روحي ملإى بالهموم
والكلمات التي يصعب سردها
لساني تلقمه الحمى ... فهل تبكين على حالي ؟؟
***
وبينما الطيب يشقق قلبي
كنت تجدين ! وطني ورفاقي المعذبين
فهل تبكين على حالي !
***
ستإخذني غفوة ...
وانا إردد يا وطني
يا بغداد - يا كركوك - يا طوز
ربما يوقظني شخص ما ! من حلمي السعيد
يا وطني يا عراق
إنت إجمل الإشياء .

الآثار الإيجابية للأفلام على سلوك الإنسان

- أجاي راثوداجيتالكس
- اعداد وترجمة زيد محمود علي

غالبًا ما يحب الناس مشاهدة الأفلام ومناقشتها. التصوير السينمائي هو مثل الموسيقى أو الهوايات، وهو جزء حيوي من حياتهم. مشاهدة فيلم يمكن أن تجعل حياتك أفضل، أو تدمرها، أو يكون لها تأثير محايد أو بدون تأثير. في عالم منصات OTT اليوم، بعض أكثر أنواع السينما / الأفلام شيوعًا اليوم هي Anime، Drama، Comedy، Horror، Fantasy، Action. يمكن أن يكون لكل نوع من هذه الأنواع من الأفلام تأثيرات إيجابية وسلبية على الشباب. ولكن، لا يوجد رأي عام حول ما إذا كانت مشاهدة الأفلام لها مزايا أو سلبيات أكثر. بينما تشير بعض الدراسات إلى أن الأفلام العنيفة تجعل الناس عدوانيين وخطرين، فإن استطلاعات أخرى تسلط الضوء على فوائد عرض بعض الأفلام المحددة للطلاب. بعض الأمثلة عن كيف يمكن أن تكون الأفلام مفيدة للمشاهدة:

١] الحد من العنف:

الدراما هي أكثر أنواع الأفلام شعبية في الوقت الحاضر، يحب الشباب الأفلام التي تدور حول الشائعات، والمؤامرات، والعنف، والعلاقات، والتنمر، وما إلى ذلك. العديد من الشخصيات تصبح قدوة، مما يعني أن الأطفال يبدأون في تقليد أفعالهم وسلوكياتهم. تساعد الأفلام الصغار على رؤية الفرق بين الخير والشر. يمكن أن تساعد العديد من الأفلام أيضًا في اتخاذ القرارات الصحيحة والتفكير بشكل مستقل.

٢] الأهمية التعليمية

يمكن للطلاب الذين يتغيبون عن المدرسة أو يحذفون الصفوف أن يروا نتائج مثل هذه الإجراءات في العديد من الأفلام التعليمية الحديثة. معظم الأشخاص البائسين أو العاطلين عن العمل في الأفلام ليس لديهم خلفية جيدة في التعليم. يبدو أن الشباب يستمعون إلى ما يقولونه على شاشة التلفزيون أكثر من استماع آبائهم أو أسرهم أو أصدقائهم. يتمتع صانعو الأفلام بالقوة الكافية للتأثير على عقول الشباب. ومن خلال مشاهدة الأفلام التي تؤكد على أهمية التعليم، يبدأ المراهقون في إدراك القيمة الفعلية للتعلم.

٣] التفكير النقدي

تحتوي الكثير من الأفلام على دروس حياتية مهمة. على سبيل المثال، يمكن لأفلام الخيال العلمي أيضًا إعلام الشباب. من الأسهل فهم كيفية عمل الأشياء المختلفة عندما يمكنك تخيلها، ومن خلال التصور، يحفظ الطلاب ما يحتاجون إلى تعلمه بشكل أفضل. لهذا السبب إذا كنت تواجه مشكلة في فهم بعض الموضوعات العلمية، يمكنك اختيار فيلم يشرح هذه المشكلة بشكل ضمني أو صريح.

ملخص التأثيرات الإضافية:

الأفلام هي مصدر رائع للترفيه. إنها بالتأكيد تضيف بعض التوابل إلى الحياة وهي مضادات اكتئاب رائعة: إذا اخترت الفيلم المناسب لمشاهدته عندما تكون في حالة مزاجية سيئة، فيمكن أن ينقذ يومك!

